# ڕوونکردنەوەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان

## بۆ راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ٢٠٢٢

## پێشەکی:

رۆژی ٢٠٢٣/٣/٢١ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەبارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە جیهان لە ساڵی ٢٠٢٢ بڵاو کردەوە. لەم راپۆرتەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا چەندین تۆمەتی داوەتە پاڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک دەستبەسەرکردنی رۆژنامەنووسان و داخستنی ژمارەیەک دامەزراوەی میدیایی و رێکخراوی ناحکومی، هەروەها باسی لە خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان دەکات.

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا باس لە یەکگرتنەوەی دەزگا ئەمنییەکان و هێزی پێشمەرگە، رەوشی ئافرەتان و بوونی توندوتیژی بەرامبەریان وەک کوشتن لەسەر شەرەف و بەشوودانی منداڵان، لە هەمان کاتدا داوا دەکات کە ئافرەت بەشداری زیاتری پێبکرێت لە پرسە سیاسییەکاندا وەک هەڵبژاردن و پێدانی دەرفەتی زیاتر بە کچان لە بواری پەروەردە و خوێندن.

ئەوەی تێبینی دەکرێت وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە راپۆرتەکەیدا پشتی بە چەند سەرچاوەیەک بەستووە بێ ئەوەی ئاماژەیان پێبکات کە تا چەند باوەڕپێکراون، وەک نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتیەکان دوای بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتانەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە و پەیوەندی کردن بە دامودەزگا حکومییەکان، راپۆرتێکمان سەبارەت بەو تێبینیانەی کە لەم رووەوە دەربارەی هەرێمی کوردستان خراونەتە روو ئامادەکرد.

بەشێکی زۆر لەو رەخنانەی کە ئاراستەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کراوە بەتایبەتی دەزگا ئەمنییەکان ئەو رەخنانەن کە لە راگەیاندنەکانی ئۆپۆزسیۆن رۆژانە بەر گوێمان دەکەون، هەروەها زۆربەی ئەو رەخنانە دووبارە ئاماژەیان پێکراوەتەوە کە لە کات و ساتی خۆیدا لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە وەڵام دراونەتەوە.

## ڕێزگرتن لە شکۆی کەس و پاراستن لە بێبەشکردنی هەڕەمەکیی لە ژیان و جۆرەکانی تری کوشتنی نایاسایی یان بە پاڵنەری سیاسیی

### چالاکییەکانی داعش

داعش هێشتا توانای ماوە بۆ ئەنجامدانی پەلاماری لێدان و هەڵهاتن و بۆمبی چێنراو، لە ئەنجامی ئیستیغلالکردنی کەلێنە سیاسیی و ئەمنییەکان و چەکدارکردنی دانیشتوانی کەمپی ئاوارەکان، بەڵام ئاستی کووشندەیی پەلامارەکانی داعش کەمبۆتەوە، بەهۆی کەمیی سەرچاوەکان و بێئەزموونی ئەندامانی.

لە کانوونی دووەمی ٢٠٢١ تا نیسانی ٢٠٢٢، لە ناوچە جێناکۆکەکان، داعش زیاتر لە ٢٨٣ کردەی تیرۆریستی ئەنجامداوە، کە بوونەتە هۆی شەهیدبوونی ٣٩٩ و بریندارکردنی ٥٣٩ و رفاندنی ٤٠ کەس. جۆرەکانی کردە تیرۆریستییەکان بریتین لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ، بۆسەدانان، کردەی خۆکوژیی، بۆمبی لکێنراو بە ئۆتۆمبیل یان ماتۆڕ، بۆمبی چێنراو، خاڵی پشکنینی ساختە، موشەک و هاوان و رفاندن.

لە ساڵی ٢٠٢٢ چەکدارانی داعش کۆنترۆڵی ناوچەی دیاریکراویان نەکردەوە. بەڵام بۆشاییە ئەمنییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان بۆتە هۆی زیادبوونی ناسەقامگیری و ئامادەنەبوونی دانیشتوان بۆ گەڕانەوە بۆ گوندە چۆڵکراوەکانیان. وەزارەتی پێشمەرگە لیوای ٢٠ی رادەستی وەزارەتی بەرگری عێراق کرد و هەموو ئامادەکارییەکانی کرد بۆ بەگەڕخستنی هێزەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان.

وەزارەتی بەرگری فیدراڵ، تەمویلی پێویستی تەرخان نەکرد بۆ لیواکەی سوپای عێراق، ئەمەش بووە هۆی دواکەوتنی جێبەجێکردنی پلانەکانی هەماهەنگی و چارەسەرکردنی بۆشاییە ئەمنییەکان لە دەوروبەری خانەقین لە دیالە تا سنووری قەزای شنگال. بۆشایی ئەمنیی نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە، یەکێکە لە هەستیارترین ئاستەنگەکانی رووبەڕووبوونەوەی پاشماوەکانی داعش لە عێراق، بۆشاییەکە لە سنووری سوریا لە باکور لە پارێزگای نەینەوا درێژدەبێتەوە بۆ پارێزگاکانی سەلاحەدین و کەرکوک تا پارێزگای دیالە لەسەر سنووری ئێران.

داعش هێشتا مەترسییە لەسەر ژێرخانی مەدەنیی. لە ٢٠ ئەیلولی ٢٠٢٢، کۆمەڵێک چەکداری سەربە گروپی توندڕەوی داعش گۆڕەپانێکی تۆپی پێیان کردە ئامانج لە گوندی شێخ عەبدوڵا نەجم لە نزیک بەعقوبە. پەلامارەکە بووە هۆی کوشتنی کەسێکی مەدەنیی و بریندابوونی سێ کەسی تر.

### بێسەروشوێنکردن

حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمەتی کوشتنی بێ دادگاییکردن بەتووندی رەتدەکاتەوە.

بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، رێکاری دادوەریی و کارگێڕی کارای گرتۆتەبەر و ئۆفیسی داواکاری گشتی بەرپرسە لە لێکۆڵینەوە لە هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجە لە بەندیخانەکان و چاکسازییەکان، بۆ دڵنیابوون لەوەی راگیراوان و حوکمدراوان رووبەڕووی مامەڵەی خراپ نابنەوە. رێکاری یاسایی گیراوەتەبەر لەدژی کارمەندانی ئاسایش کە تێوەگلاون لە ئەشکەنجەدان

یان ئاسانکارییان کردەوە بۆ ئەشکەنجەدان. لەم بوارەدا، کەیسەکانی تۆمەتی ئەشکەنجەدان یەکلاکراونەتەوە و رێکاری یاسایی گیراوەتەبەر. یەکێک لە رێکارە یاساییەکان بریتییە لە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی بۆ ماوەی زیاتر لە پێویست راگیراون پێش دادگاییکردن. هەروەها رێکاری یاسایی گیراوەتەبەر لەدژی چوار کارمەندی هێزەکانی بەرزەفتکردنی یاسا بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان، رێکارەکان بریتین لە هۆشداری، بڕینی دەرماڵە بۆ چەند مانگێک یان گواستنەوە بۆ یەکەی تری کارگێڕیی.

لە ئەنجامی پەلاماری تیرۆریستی داعش لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان لە ساڵی ٢٠١٤، سەدان هەزار کەس لەو ناوچانەی کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی داعش پەنایان هێنا بۆ هەرێمی کوردستان. جیاکردنەوەی کەسانی مەدەنیی لە ئەندامانی داعش ئەرکێکی ئاسان نەبوو و چەندین ئاستەنگ هەبوون لەم رووەوە. لەبەرئەوە چەندین رێکاری ئاسایش پەیڕەوکرا بۆ پاراستنی مەدەنییەکان و رێگرتن لە تیرۆریستەکان.

کاتێک ئاوارەکان دەگەیشتنە بەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە لەکاتێکدا جەنگ لەدژی داعش بەردەوام بوو، هێزەکانی ئاسایش لێکۆڵینەوەیان لە ناوەکان دەکرد و زانیاریان وەردەگرت. بەڵگەی تەواو هەبوو کە ئەندامانی داعش دزەیان کردۆتە ناو ئاوارەکان و دەیانەوێت خۆیان وەک ئاوارە بناسێنن، ئەمەش بەپێی زانیاری و وتەی پشتڕاستکراوەی دەزگاکانی هەواڵگری، هەروەها ژمارەیەک لەمانە بەدروستی ئاشکراکران.

پاش ئەوەی هێزەکانی ئاسایش زانیاری تەواویان خستە پش دادوەر، دادوەر فەرمانی دەستگیرکردنی گومانلێکراوانی دەرکرد و دەستکرا بە لێکۆڵینەوە و بەدادگاگەیاندن.

پاش دەستگیرکردنی گومانلێکراوانی داعش، پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کرایەوە و رەوانەی دادگای لێکۆڵینەوە کران و بۆ ماوەی یاسایی راگیران، لەو ماوەیەشدا مافە یاساییەکانیان پارێزرابوون، وەک مافی دەستگەیشتن بە پارێزەری تایبەتی بەرگریی.
بەڵام لە هەرێمی کوردستان هیچ رووداوێکی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ نییە.

**ئەشکەنجە و مامەڵە یان سزای دیکەی توووند، نامرۆڤانە و شکۆشکێن**

ئەشکەنجە، لاقەکردن و پشکنینی کێچنی بەتەواوی قەدەغەن لە بەندیخانەکان. لە ساڵی ٢٠٢١ نزیکەی ٨٥ سەردان ئەنجامدراوە بۆ بەندیخانەکانی ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها رێکخراوە ناوخۆییەکانی کۆمەڵی مەدەنیی، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، یونامی، لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور سەردانی بەردەوامیان کردوە.

**دۆخی بەندیخانە و بنکەکانی دەستبەسەرکردن**

حکومەتی هەرێمی کوردستان چ هەنگاوێکی ناوە بۆ باشترکردنی دۆخی بەندیخانە و بنکەکانی دەستبەسەرکردن

**بەندیخانەکان**

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بەندیخانەیەکی نوێی دروستکردوە کە تەبایە لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ. بیناکە پێکدێت لە ١٥ هۆڵ، هەر یەکێک بۆ ٣٠ بەندکراو، بیانیەکی سەربەخۆ کە ٦٥ ژووری هەیە لەگەڵ ژووری لێکۆڵینەوە کە بە کامێرا چاودێری دەکرێت. هەروەها بینای نوێ لەژێر دروستکردندان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بەمەبەستی باشترکردنی ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە و بەندکردن. بەڵام بەندینخاکانی تر لە هەموو پارێزگاکان و قەزاکان هێشتا ئەم ڕێوشوێنانەیان نییە، لەبەرئەوە ڕاسپاردەی دووەم جێبەجێ نەکراوە.

چاکسازی گەورانی هەولێر چاکسازی بەرچاوی ئەنجامداوە لە سیستمی بەڕێوەبردن. ئێستا خزمەتگوزاری هەمەجۆری پزیشکی ددان، چاو و چەندین چاودێری تری پزیشکی بەردەستن بۆ بەندکراوان. هەروەها توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆژانە چاودێری دۆخی بەندکراوان دەکەن. لەڕێگەی پلانی هەرێمیی، ڕێنمایی نوێ دەردەکرێت بۆ ئەنجامدانی بەرەوپێشچوونی زیاتر.

بنکەکانی تەندروستی و تیمە پزیشکییەکان ٢٤ کاتژمێر کاردەکەن. تاقیگەکان و پێداویستییە پزیشکییەکان بەردەستن بۆ بەندکراوان. پشکنینی تەندروستی پێویست بۆ بەندکراوان ئەنجام دەدرێت لەکاتی هاتنیان بۆ چاکسازی، بەتایبەتی بۆ ئاشکراکردنی نەخۆشییە گوێزراوەکانی وەک ڤایرۆسی جگەر، ئایدز، سیل، هەروەها پشکنین بۆ نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک شەکرە و فشاری خوێن. هەر بەندکراوێک فایلی پزیشکی تایبەتی هەیە.

١١ کەیسی مردن هەبوو لە چاکسازییەکان و بەندیخانەکان لەماوەی دوو ساڵی ڕابووردوو و چوار مانگی یەکەمی ٢٠٢٢. لە ساڵی ٢٠٢٠ حەوت بەندکراو مردن، ٢ بەندکراو لە ٢٠٢١ و ٢ لە ٢٠٢٢. وەزارەتی تەندروستی چاودێری هۆکارەکانی مردن دەکات لە چاکسازییەکان. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢٢، ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەریی ئاشکرای دەکات کە یەکێک لە مردنەکان بەهۆی گرفتی خوێنبەربوونی مێشک بووە و ئەوەی تر بەهۆی گیرانی خوێنەبەرەکان و هەوکردنی جگەر بووە.

لەهەر یەکێک لە چاکسازییەکانی هەرێم بنکەیەکی تەندروستی هەیە. پزیشکێک و بەلای کەمەوە دوو کارمەندی تەندروستی بەشێوەی هەمیشەیی دامەزراون و خزمەتگوزاری تەندروستی گونجاو پێشکەش دەکەن بە بەندکراوان. لەکاتی ئیمێرجنسی، یان کاتێک ناتوانن لەناو چاکسازی چارەسەر پێشکەش بکەن، بە بڕیاری پزیشک ڕەوانەکردن بۆ نەخۆشخانەکان ئەنجام دەدرێت. سەبارەت بە چاکسازییەکانی نەوجەوانان، پزیشک ڕۆژانە ٢٤ کاتژمێر بەردەستە و پزیشکی دەروونیی هەفتانە دوو جار سەردانی چاکسازی دەکات.

ڕێکارەکان یەکخراون و ڕێوشوینی ئاسایشی توونד هێواش کراوەتەوە بۆ چاودێرانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیی و ناوخۆییەکان، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ و لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی چاکسازییەکان و بەندیخانەکان دەکەن، بەمەبەستی پاراستنی مافەکانی بەندکراوان و لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکانی ئەشکەنجەدان. لە ساڵی ٢٠٢١ چاودێرە سەربەخۆکان ٨٥ سەردانیان ئەنجامداوە، لەوانە یونامی، لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.

کۆی ژمارەی حوکمدراوان لە چاکسازییەکان، بەپێی ئامارەکانی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە ئاداری ٢٠٢٢، دەگاتە ٤٩٢٢ کەس، لەوانە ٤٦٥ نەوجەوانن. لەمەش ٣١٢ نێر و ١٥٣ مێن. بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباڵغی، حکومەتی هەرێمی کوردستان کاردەکات بۆ دروستکردنی بینای پێویست بەپێی ستاندارده ئەندازیاری و تەلارسازییەکان، هەروەها پلانی هەیە بۆ دروستکردنی بینای گونجاو بە توانای نیشتەجێکردنی ٥٠٠٠ بەندکراو. هەوڵەکان بەردەوامن بۆ دروستکردنی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتان، ئێستا ٢٦٪ی پرۆژەکە تەواوکراوە.

لە ساڵی ٢٠٢١ و سێ مانگی یەکەمی ٢٠٢٢، نزیکەی ١٦٧ کەیسی دەروونی دەستنیشان کراون، ١١ چاکبوونەتەوە و ئەوانی تر بەردەوامن لە وەرگرتنی چارەسەر. لە ١٩ نیسانی ٢٠٢٢ سەرۆک وەزیران بەڕێز مەسرور بارزانی، فەرمانی کرد بە کردنەوەی سێ نەخۆشخانەی دەروونیی بۆ ئافرەتان لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی.

**گرتن و بەندکردنی نایاسایی**

کەیسی دیاریکراو: ئاسایش لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ٦ ئاب هەستاوە بەدەستگیرکردنی سیروان غەریب، زانیار مەریوان، لانیا بەختیار، ئەرکان عبدالقادر و هێڤار هیوا لە وێستگە نیوز بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک.

ئەم رۆژنامەنووسانە بەشێوەیەکی کاتیی دەستگیرکران. بەپێی ڕێکارەکانی ئاسایش ئەم کەسانە نەدەبوایە بکرانایەتە ئامانج، بەڵام لە ساتەوەختێکی پشێویدا، کە هێزێکی سیاسیی دیاریکراو، هەوڵیدا پشێویی و ناڕەزایی دروست بکات، ئەم رۆژنامەنووسانە بەهەڵە دەستگیرکران و دواتر بەبێ ئاراستەکردنی تۆمەت ئازادکران.

سەبارەت بە هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسا ناچارکراون فەرمانی یاسایی بەدەستبهێنن پێش ئەوەی دەستگیرکردن ئەنجام بدەن. ئەم ڕێکارە بەبێ جیاوازی و بەبێ مەرج ڕێزی لێدەگیرێت.

ژمارەی تاوانبارانی داعش کە لەلای ئاسایش بوون تا نیسانی ٢٠٢٢ گەیشتە ١٢٢٥ بەندکراو، لەوانە ٩٢٠ ئافرەت رادەستی حکومەتی عێراقی فیدراڵ کران: ١٠١ بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ٨١٠ بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی رەسافە لە بەغداد، ٦ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری / خزمەتگوزاری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ٣ بۆ بەڕێوەبەرایەتی دژەتیرۆر.

سەرەڕای رادەستکردنی ئەم ژمارانەی سەرەوە، ٢٩٩ تیرۆریست رادەستی پارێزگاکان کرانەوە: ٢٢٦ دادگای لێکۆڵینەوەی نەینەوا، کە پسپۆڕە لە کەیسەکانی تیرۆریزم، یەک تیرۆریست بۆ دادگای لێکۆڵینەوەی ئەنبار و ٢ تیرۆریست بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک.

سەبارەت بەوانەی تۆمەتبارن بە کەیسەکانی تیرۆر بەڵام تەمەنیان لەخوار هەژدە ساڵە، وەک قوربانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت نەک وەک ئەندامی داعش. یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠١ کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەریکردوە، تەمەنی بەرپرسیارێتی یاسایی بە ١١ ساڵ داناوە. کەمترین سزا بۆ ئەمانە

بریتییە لە هۆشداری، ئەگەر تاوانەکە پەیوەندی نەبێت بە تیرۆریزم. هەروەها بەرزترین سزا بریتییە لە ناردن بۆ چاکسازی بۆ ماوەی پێنج ساڵ. بەڵام لە ئەگەری خواستی پەیوەندیکردن بە گروپی تیرۆریستی، لە ڕوانگەی یاساییەوە، سزا بەپێی دەسەڵات و مەزەندەی دادوەر دەبێت.

لە ساڵی ٢٠٢٠ ژمارەی ئافرەتان و نەوجەوانانی دەستبەسەرکراو بە تۆمەتی تیرۆریزم گەیشتە ٥٢ کەیس. لەنێوان ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠٢٠، ژمارەی ئافرەتانی دەستبەسەرکراو لە هەولێر ٩ بوو، هەروەها منداڵان ١١٣٩ بوو، لەمانە ١٠٨٩ حوکمدران و ٥٩ ئازادکران.

**ڕێکارەکانی دەستگیرکردن و مامەڵەی بەندکراوان**

ماوەی ڕێگەپێدراو بۆ راگرتنی پێش دادگاییکردن بریتییە لە ٢٤ کاتژمێر. بەڵام هەندێک کەیس پێویستی بە ئامادەکردنی چەندین جۆر بەڵگەنامە هەیە پێش رەوانەکردن بۆ بەردەم دادوەر. ئەگەر دادگا بڕیاری بێتاوانی تۆمەتباری دەرکرد، بەپێی یاسای ژمارە ١٥ ساڵی ٢٠١٠ قەرەبوو دەکرێتەوە، کە تایبەتە بە قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حکومدراوان لە هەرێم.

سەرەڕای ئەوەش، تۆمەتبار هەیە کە پێش دادگایکردن دەستگیکراوە و ناتوانرێت بە کەفالەت ئازاد بکرێت، وەک ئەوانەی تۆمەتبارن بە کوشتنی پلان بۆ داڕێژراو، بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و تیرۆریزم.

**مافی دەستگەیشتنی بە پارێزەر و پەیوەندی کردن بە خێزانیان**

لە دادگاکان ڕێگری ناکرێت لە دەستگەیشتنی پارێزەران بە پەراو و بەڵگەنامەکان. ئەگەر ئەمە رووبدات، ئەوا پێچەوانەی یاسایە، بەدەر لەوەی کەسی بەرپرس دادوەرە یان هەر کەسێکی تر. سەبارەت بە مافی دابینکردنی پارێزەر، دادگا پارێزەر دابین دەکات لەسەر تێچووی حکومەت. پێش حکومدان، تۆمەتبار بەهرەمەندە لە مافەکانی بەتەواوی و بەبێ زەوتکردن. هۆکارەکانی دەستگیرکردن و تۆمەتە ئاراستەکراوەکان روون دەکرێنەوە و کەسوکاری تۆمەتبار لە شوێنی راگرتنی ئاگادار دەکرێنەوە. سەرەڕای ئەم مافە بنەڕەتیانە، ئەگەر تۆمەتبار نەتوانێت پارێزەر بگرێت، دادگا پارێزەر دابین دەکات بۆ سەرپەرشتیکردنی کەیسەکەی هەر لە قۆناغی لێکۆڵینەوە تا دادگاییکردن. لەم رووەوە تێچووی دابینکردنی پارێز بۆ تۆمەتباران لە هەرێم گەیشتە (١,٧٠٠,٠٠٠,٠٠٠) (یەک ملیار و حەو سەد ملیۆن) دیناری عێراقی.

تۆمەتباران مافی زەوتنەکراویان هەیە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خێزان و پارێزەر دەستبەجێ پاش دەستگیرکردنیان. لە کەیسی ئاوارتە – تیرۆریزم یان تاوانی قێزەون – لەوانەیە پەیوەندیکردن بە خێزان بگاتە دوو هەفتە بەلای زۆرەوە.

**راگرتنی پێش دادگاییکردن**

بەپێی نوێترین داتا، ژمارەی راگیراوان لە بنکەکانی راگرتن لە ئاداری ٢٠٢٢ گەیشتە ٢٨٤، لەمانە ٩٦ نێر و ١٨٨ مێ بوون.

درێژبوونەوەی ماوەی ڕاگرتن زیاتر بەهۆی هێواشی پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگە یان بەردەستنەبوونی شاهید بووە پێش ڕوانەکردنی کەیس بۆ دادگا.

لە ساڵی ٢٠٢٢، ڕاگرتنی پێش دادگاییکردن زیاتر نەبووە لە زۆرترین ماوەی سزا بۆ تۆمەتی ئاراستەکراو.

دادگا مافی داوە بە کەسەکان داوای قەرەبوو بکەن. بۆ نموونە، لیژنەی قەرەبووکردنەوە هەیە لە هەر یەکێک لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوە، بەپێی یاسای ژمارە ١٥ ساڵی ٢٠١٠ – یاسای قەرەبووکردنەوەی بەندکراوان و حوکمدراوان پاش بێتاوانی یان ئازادکردن، کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردوە.

## بێبەشکردن لە دادگاییکردنی ڕەوا و کراوە

سەبارەت بە سەربەخۆیی دادگاکان، پاش دەرچوونی دەستوری عێراق لە ٢٠٠٥، کە سێ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری لێکجیاکردۆتەوە، دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن. بەپێی یاسای ژمارە ٢٣ ساڵی ٢٠٠٧، دادوەری هەرێمی کوردستان دەستبەکاربوو بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان. ئەم دەسەڵاتە بەپێی سیستمێکی پشکنین و هاوسەنگیی ورد کاردەکات و ئازادە لە دەستوەردانی سیاسیی. چوار سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە هەیە، کە سەربە ئەنجومەنی دادوەرییە لەڕووی کارگێڕیی و داراییەوە و سەربەخۆن لە بڕیاردان بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان.

بەپێی ئەنجومەنی دادوەری، هیچ دادوەر یان داواکارێکی گشتی گێچەڵی پێنەکراوە یان دادگایی نەکراوە لەسەر بەرتیل. لیژنەیەک هەیە کە بەدواداچوون دەکات بۆ ئەم جۆرە تۆمەتانە. حکومەت بەتەواوی پشت دەبەستێت بە دەسەڵاتی دادوەری بۆ جێبەجێکردنی یاسا. هیچ بەدەرکارییەک نەبووە لەم ڕووەوە.

## ڕێکارەکان و چارەسەری دادوەری مەدەنیی

تاکەکەسەکان و ڕێکخراوەکان دەتوانن داوای چارەسەری مەدەنیی بکەن بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، لەڕێگەی دادگا ناوخۆییەکان یان چارەسەری کارگێڕیی و میکانیزمی تری دانراو بەپێی یاسا. تاکەکەسەکان و ڕێکخراوەکان دەتوانن تانەبدەن لە بڕیارەکان لەسەر ئاستی خۆجێیی یان لەسەر ئاستی هەرێم لای دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ.

## ڕێزگرتن لە ئازادییە مەدەنییەکان

### ئاسایشی نیشتیمانی

لە ساڵی ٢٠٢٢، تاکە یەک ڕووداوی دادگاییکردن حوکمدان لەدژی تۆمەتبار بە پێشێلکردنی ئاسایشی نیشتیمانیی تۆمارنەکراوە.

**ئازادی میدیا و ئازادی ڕادەربڕین**

لە شەش مانگی یەکەمی ٢٠٢٢، مۆڵەتی تەلەڤزیۆنی ڕووداو ڕاگیرا لەلایەن دەسەڵاتدارانی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا. بەپێی سەندیکای ڕۆژنامەوانانی کوردستان، هیچ کەناڵێکی میدیا دانەخراوە لە هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا.

سەندیکای ڕۆژنامەوانانی کوردستان بیست و دوو تۆمەتی پێشێلکاری تۆمارکردووە لە شەش مانگی یەکەمی ٢٠٢٢. ئەم پێشێلکارییانە بریتین لە دەستبەسەراگرتنی کەرەستەکان، گێچەڵ و ڕێگرتن لە ڕووماڵی میدیایی و هیتر. بەڵام ڕاپۆرتەکەی سەندیکا ئاماژەدەدات بەوەی هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێگرییان کردووە لە ژمارەیەک کەناڵی میدیا بۆ ڕووماڵکردنی پەلامارێکی مووشەکیی لەنزیک پاڵاوگەی کەورگۆسک لە ڕێکەوتی ١ مایس ٢٠٢٢. ئەمە لە ئەنجامی ڕێکارە ئەمنییەکان بووە. زۆربەی تۆمەتەکانی تری پێشێلکاری لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە و/یان لەلایەن گروپەکانی سەربە پەکەکە، وەک ئەوەی سلێمانی لە ١٥ مایس، کاتێک تیمی کوردستان٢٤ ڕووبەڕووی گێچەڵ بوونەوە لەلایەن هەوادارانی پەکەکە.

حکومەتی هەرێم سانسۆری نەخستۆتە سەر ئەنتەرنێت و دەستوەردانی نەکردوە.

ڕۆژنامەوانان و کەناڵەکانی میدیا دەستگەیشتنی یەکسانیان هەیە بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان، بەدەرلە سروشتی ڕووداوەکان.

**کارەکان بۆ فراوانکردنی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی میدیا**

ئازادی میدیا بەردی بناغەی دیموکراسییەکی کارایە. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕژدە لەسەر بەرەوپێشبردنی ئەو بوارانەی پێویستن. بۆ ئەم مەبەستە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بانگهێشتی ئۆفیسی کۆمسیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ (OHCHR)، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (UNAMI) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی کردوە بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشترکردنی ڕێکارە دامەزراوەییەکان لە کوردستان. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاوێژکاریی ئەنجامداوە لەگەڵ گروپەکانی داکۆکیکردن بەمەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی ئازادی میدیا و مافەکانی ڕۆژنامەوانان. هاوکات حکومەت کاردەکات لەگەڵ نوێنەرایەتی دیپلۆماتی وڵاتان و هاوتا نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕاهێنانی زیاتری دادوەران.

زیاتر لە هەشت هەزار ڕۆژنامەوان لە سەندیکاری ڕۆژنامەوانانی کوردستان تۆمارکراون. بەلای کەمەوە هەزار کەس بەبێ ئەندامێتی سەندیکا کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن. لە ٢٠ ساڵی ڕابوردوو، ١٢٥٩ میدیای دیجیتاڵی و نووسراو مۆڵەتیان وەرگرتووە: ٥٠ وێبسایت، ١٣٨ وێستگەی ڕادیۆ، ٩٥٨ ڕۆژنامە و گۆڤار، ٣١ کەناڵی سەتەلایت و ٥٨ وێستگەی تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ژمارانە، دەتوانین ئەنجامگیری ئەوە بکەین کە لەهەر ٧٧٨ هاووڵاتییەک لە هەرێمی کوردستان یەکێکیان ڕۆژنامەوانە. هەروەها پێگەیەکی نووسراو یان ئەلەکترۆنی هەیە بۆ هەر ٤٩٠١ هاووڵاتیەک.

بەمەبەستی تواناداركردنی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان بۆ پیادەكردنی مافی دەستگەیشتن بە زانیاری دامەزراوە گشتی و تایبەتەكان و پاڵپشتیكردنی شەفافیەت و بەشداریكردن و بەهێزكردنی پرۆسەی دیموكراسی، پەرلەمانی كوردستان یاسای دەستگەیشتن بە زانیاری ژمارەی ١١ ساڵی ٢٠١٣ی دەركرد. رۆژنامەوانان و میدیاكان بەبێ جیاوازی مافیان هەیە بۆ داواكردن و دەستگەیشتن بە داتای بەردەست بۆ بەكارهێنانی گشتی.

دەسەڵاتی دادوەری بەدواداچوون دەكات بۆ تۆمەتەكانی ئەشكەنجە لەدژی رۆژنامەوانان، كە ژمارەیەك سكاڵا لەم بوارەدا تۆماركراون و تا نیسانی ٢٠٢٢، سزای دارایی ٣١ كەس دراوە بەهۆی بەكارهێنانی توندووتیژی دژی رۆژنامەوانان و چەند كەسێك لەژێر لێكۆڵینەوەدا.

**ئازادی ئەنتەرنێت**

هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان ئازادانە و بێ سانسۆر ئەنتەرنێت بەكاردەهێنن. حكومەت چاودێری پەیوەندییە تایبەتەكان ناكات.

**ئازادیی گردبوونەوەی ئاشتیانە**

هەموو كەسێك لە هەرێمی كوردستان ئازادە لە دەربڕینی بۆچوونی خۆی و خۆپیشاندان لە چوارچێوەی یاسا و رێنماییە بەركارەكان. پێویستە هەڵسوكەوتی خۆپیشاندەران تەبا بێت لەگەڵ پاراستنی ژیان و موڵكی گشتی و تایبەت. لەكاتی خۆپیشاندان، رۆژنامەوانان مافیان پێدراوە رووماڵی خۆپیشاندان و گردبوونەوەی هاووڵاتیان بكەن. بەپێی یاسای خۆپیشاندان ژمارە ١١ ساڵی ٢٠١٠، سەدان خۆپیشاندان رێكخراون لەلایەن توێژە جیاوازەكانی كۆمەڵگە بۆ داواكردنی مافەكانیان.

**دۆخ و مامەڵەی ئاوارە ناوخۆییەكان**

پاش پەلامارەكانی داعش، حكومەتی هەرێم بەبێ جیاكاری میوانداری پێكهاتە نەتەوەیی و ئاینییە جیاوازەكانی كردوە، بەتایبەتی ئاوارەكانی دەشتی نەینەوا. لەسەر ئەم بنەمایە، هیچ كەسێك بەزۆر نەگەڕێنراوەتەوە بۆ ناوچە ئازادكراوەكان پاش دەركردنی داعش لەو ناوچانە. سەبارەت بە گەڕانەوە، سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان روونە: پاڵپشتیكردن، هاندان و رێخۆشكردن بۆ گەڕانەوەی خۆویستی هەموو ئاوارەكان بەبێ جیاوازی بۆ ناوچە رەسەنەكانی خۆیان، لەم رووەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان كارئاسانی كردوە بۆ پرۆسەی گەڕانەوەی زیاتر لە ٧٠٠ هەزار كەس لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ ناوچە ئازادكراوەكان.

لە ئاب ٢٠٢١، هەرێمی كوردستان میوانداری (٩٢٦,٠١٨) ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەری دەكرد؛ بەدیاریكراوی (٦٦٤,٢٣٧) ئاوارەی ناوخۆیی و (٢٦١,٧٨١) پەنابەر. دابەشبوونی پەنابەران بەم شێوەیە (٢٤١,٩٣٧) هاووڵاتی سوریا، (٨,٤٧٩) هاووڵاتی توركیا، (١٠,٥٤٨) هاووڵاتی ئێرانی و (٧٣٦) پەنابەری فەلەستینی. بەپێچەوانەی تێڕوانینی گشتییەوە، زۆرینەی ئاوارەكان و پەنابەران لەناو كۆمەڵگەی خانەخوێ دەژین، تەنها ٣٠٪ لە ٣٦ كەمپی جیاواز دەژین. نزیكەی ٤١٪ لە كۆی ئاوارە ناوخۆییەكان لە هەولێر، ٤٠٪ لە دهۆك و ١٩٪ لە سلێمانی دەژین.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە تەرخانکردنی دارایی و سەرچاوەی زۆر هەیە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرانی سوریا لە هەرێمی کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە پابەندبێت بە ڕێنمایی و ڕێککەوتنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی تر. ئەمە سیاسەتێکی روون و بەردەوام پەیڕەوکراوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتووندی دژی ئاوارەکردن و گەڕانەوەی زۆرەملێی ئاوارەکان و پەنابارانە.

لەلایەکی ترەوە، تێکچوونی دۆخی ئاسایش و هەبوونی مین و تەقەمەنی لەم ناوچانە و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویستی وەک ئاوی خواردنەوە، فریاگوزاری سەرەتایی، قوتابخانە و کارەبا، ڕێگرن لە گەڕانەوەی ئاوارەکان لەئێستادا. هەروەها ژمارەیەک شانەی نوستووی داعش هەیە لەم ناوچانە و هەڕەشەی ڕاستەقینە دروست دەکەن لەسەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچە ئازادکراوەکان.

حکومەتی هەرێم هەموو ئامادەکارییەکی پێویستی کردوە بۆ گەڕانەوەی سەلامەتی ئاوارەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری ڕۆژانەی پێویست، بەڵام سەرەڕای ئەمە، ئاوارەکان سەرپشکن لە گەڕانەوە یان مانەوە لە کەمپ.
ژمارەی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان کە لە ساڵی ٢٠٢٠ گەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان گەیشتە (٧,٧٥٧) خێزان، یان (٣٧,١٣٩) تاکەکەس، بەم شێوەیە: (٦,٤٢٣) خێزان و (٣١,٧٧٦) تاکەکەسی ئاوارە و (١,١٣٣) خێزان و (٥,٣٦٣) تاکەکەسی پەنابەر.

لە ساڵی ٢٠٢١ نزیکەی یەک ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان دەژیان، نزیکەی ٣٠٪ لە کەمپ و ٧٠٪ لە دەرەوەی کەمپ. حکومەتی هەرێمی کوردستان میوانداری ٢٥ لە ٢٧ کەمپی ئاوارەکان دەکات و بەڵێنیداوە دایان نەخات تا ئاوارەکان خۆویستانە دەگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان. بەپێی سەنتەری هەماهەنگی قەیران لە وەزارەتی ناوخۆ، تا مانگی ئاب، ٤٠٪ی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان عەرەبی سوننە، ٣٠٪ ئێزیدی و ١٣٪ کورد (سەربە ئاینیی جیاواز)ن و ٧٪ مەسیحین. ئەو ١٠٪ی دەمێنێتەوە پێکهاتە ئاینییەکانی ترن. سەرەڕای دۆخی سەختیی ئابووری هەرێم و گرفتەکانی ئاسایش، حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە مافەکانی مرۆڤ ئەولەویەتی هەیە.

هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان قوربانی گەورەیان پێشکەش کرد بۆ بەرگریکردن و ئازادکردنی ئەم ناوچانە، بەخشینی زیاتر لە ١٨٠٠ شەهید و بریندابوونی ١٠٣٦٩ و بێسەروشوێنبوونی ٤٧ پێشمەرگە. سەرەڕای ئەوەش، دۆخی ئەم ناوچانە هێشتا هەڵواسراوە، بەهۆی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنی شنگال لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، هەروەها هەبوونی هێزی چەکداری ناعێراقی لەم ناوچانە، کە بۆتە هۆی دروستبوونی بۆشایی ئەمنیی و تیرۆریستەکان دەیقۆزنەوە بۆ ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی.

منداڵانی ئاوارەکان، بەدەرلەوەی لە کەمپ یان لە دەرەوەی کەمپ دەژین، بەبێ جیاوازی سوودمەندن لە پەروەردە لە هەرێمی کوردستان و خوێندن بەپێی پرۆگرامی خوێندنی حکومەتی عێراق. حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی ئۆفیسی نوێنەرایتی هەرێم لە بەغداد، ئامادەکاری پێویستی کردوە بۆ ڕێخۆشکردن بۆ خوێندن و پەروەردەی منداڵانی ئاوارەکان. هەروەها ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بەشدارییان کردوە لە دابینکردنی ڕێنوێنی و پێداویستییەکانی قوتابخانە بۆ منداڵان.

**ئاوارە ناوخۆییەکان**

میکانیزمەکانی ئاشتەوایی نیشتیمانیی، وەک دادوەری راگوزەر، بڕیاردەرە لە سەرکەوتن یان شکستخواردنی پرۆژەی ئاشتەوایی نیشتیمانیی و ئاستی پێشوازی لێکردنی. ئەم میکانیزمە دەرفەت دەدات بە کۆمەڵگەکان مامەڵە بکەن لەگەڵ دۆخی پاش ناکۆکیی و لە قۆناغی پشێوی بگوێزنەوە بۆ قۆناغی دیموکراسی و فرەیی و ڕێزگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. حکومەتی هەرێم کاردەکات بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری سیاسیی ناوچە جێناکۆکەکان لەڕێگەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و هانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدات پاڵپشتی پێشکەش بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە.

لەم رووەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەولەویەت دەدات بە پرۆسەکانی بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتیمانیی و دادوەری راگوزەر، لەڕێگەی دانانی ستراتیژ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ، کە ئەنجامدراون لەلایەن هەموو لایەنەکانی ناکۆکیی چەکدارییە؛ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە دەستوری فیدراڵیی، لەبەرئەوەی ئەمە بەردەبازە بۆ پێکەوەژیان، ئاشتەوایی نیشتیمانیی و ئاسایش و سەقامگیری؛ برەودان بە ڕێکارەکانی دادوەری راگوزەر کە دەبنە هۆی بەدیهێنانی مافی گەیشتن بە راستییەکان و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان و لێپرسینەوە لەوانەی بەرپرسن لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکانی مرۆیی؛ هەروەها هەنگاوی زیاتر دەنێت بۆ هاندانی بەشداری تەواو و راستەقینەی ئافرەتان.

لە سەرەتای مایس ٢٠٢٢، نزیکەی ٧٠١ خێزان کە پێکهاتبوون لە (٤،٠٨٣) کەسی ئێزیدی ئاوارەبوون لە شارەکانی سنونێ و دوگرێس لە شنگال، لەئەنجامی دوو ڕۆژ پێکدادانی سەخت لەنێوان سوپای عێراق و گروپە میلیشیا پەیوەستەکان بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە).

ئەگەر ڕێککەوتنی شنگال جێبەجێ بکرێت، دەبێتە نموونەیەکی باش بۆ ناوچەکانی تر، کە دەسەڵاتەکانی هەرێم و بەغداد تێکەڵ دەبن. سنووری روون نییە لەنێوان دەسەڵاتەکانی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان پاش رووداوەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧. حکومەتی فیدراڵ لەڕووی سەربازییەوە ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵ کرد پاش ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی بۆشایی ئەمنیی لە هەندێک شوێن لە ناوچە جێناکۆکەکان. ئەمەش بۆتە هۆی چالاکبوونی ڕێژەیی چەکدارانی داعش و ئەنجامدانی پەلامار لەدژی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی تری عێراق.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی بیرۆکەی هەبوونی هێزی هاوبەش دەکات، پێکهاتەی ئەم هێزە هاوبەشە لە هێزە نیشتیمانیی و هەرێمییەکان و پێشمەرگە زۆر گرنگە بۆ گەڕانەوەی سەقامگیری. پێشمەرگە بەبێ جیاوازی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ئەم ناوچانە دەپارێزێت.

هەبوونی کۆمەڵێک هێز کە بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقدا نین، بۆتە هۆی خراپترکردنی دۆخی ئاسایش و ڕێخۆشکردن بۆ چەکدارانی داعش دەرفەتەکان بقۆزنەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی تیرۆریستی و زیان گەیاندنی گەورە بە سەقامگیری ناوچە جێناکۆکەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لە ٢٠٠٣ تا ٢٠١٧ هاوکارییان کردوە بۆ بەڕێوەبردنی ئاسایشی ئەم ناوچانە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە بۆ برەودان بە پرنسیپەکانی دیموکراستی و مرۆڤدۆستی لەم ناوچانە، گرنگترینیان پاراستنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانە، هەروەها حکومەتی هەرێم لەو بڕوایەدا جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوری عێراق زامنی ئەم هەوڵانە دەکات.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام داوای لە حکومەتی فیدراڵ کردوە ماددەی ١٤٠ بەزووترین کات جێبەجێ بکات، هەروەها پابەندبوونی خۆی دووپاتکردۆتەوە بۆ هاوکاریی و هەماهەنگی لەم بوارەدا. حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێش جەنگ لەدژی تیرۆریزم، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە مافی خۆبەڕێوەبردن بدرێت بە دانیشتوانی ناوچە جێناکۆکەکان، بەمەبەستی نەهێشتنی پەرتبوون و ناکۆکیی و نەهێشتنی ئاسەوارەکانی تیرۆریزم.

پاش ٢٠٠٣، حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠یان پێکهێنا، هەروەها دادگای فیدراڵ، وەک بەرزترین دەسەڵاتی دادوەری لە وڵات، گفتوگۆی سیاسیی و یاسایی لەسەر ماددەی ١٤٠ یەکلاکردەوە و ددانی پێدانا کە ئەم ماددەیە کارایە تا بەتەواویی جێبەجێ دەکرێت و مەرجەکانی بەدیدێن پەیوەست بە چاککردنەوەی دۆخی ناوچە جێناکۆکەکان و گەڕاندنەوەی دۆخەکە بۆ پێش گۆڕینی دیمۆگرافی، بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکوک. یاسای ژمارە ٧٥ ساڵی ٢٠١٥ دەرکرا، کە چوارچێوەیەکی داناوە بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکانی ناکۆکییە چەکدارییەکان و کردە تیرۆریستییەکان. هاوکات شەش سەنتەری هەماهەنگی هاوبەش کرانەوە لە کەرکوک، مەخمور، کەساک و خانەقین، لەگەڵ دوو سەنتەری سەرەکیی لە بەغداد و هەولێر.

کارەکان بەردەوامن بۆ پێکهێنانی دوو لیوای هاوبەش لە پێشمەرگە و سوپای عێراق، بەمەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییە ئەمنییەکان و لەناوبردنی شانە تیرۆریستەکان.

بەڵام ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال ئاستەنگێکی گەورەیە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی ئاسایشی ناوچە جێناکۆکەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک هەنگاوی پێشنیاز کردووە بۆ چاککردنەوەی سەقامگیری ناوچە جێناکۆکەکان بەپێی پلانی کاری مافەکانی مرۆڤ: هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی حکومەتی فیدراڵ، حکومەتی هەرێم، نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بەرەو جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال؛ قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەوانەی کەوتونەتە ژێر کاریگەریی پەلاماری گروپە تیرۆریستییەکان، کارکردن بۆ بونیاتنانەوەی ناوچە زیانپێگەیشتوو و وێرانکراوەکان و تەرخانکردنی بودجەی پێویست بەپێی ئاستی زیانی گەیشتوو بە ناوچەکان؛ دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان وەک ئامادەکاری بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانیان؛ لابردنی مین و تەقەمەنییەکان لە هەندێک ناوچە بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن بگەڕێنەوە؛ هەروەها کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

٥٤ قوتابخانە هەیە بۆ پەنابەران و ژمارەی قوتابیان دەگاتە (٣٣,٥٨٤) و ژمارەی مامۆستای سوری دەگاتە (١,٢٥٢) سەرەڕای مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە. بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ وەزارەتی پەروەردە دەستیکردوە بە جێبەجێکردنی میکانیزمی تێکەڵکردنی قوتابیە ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان، پشتبەست بە فەرمانی وەزاریی ژمارە (١٤٦٦٥) لە ٢١ تەموز ٢٠٢٢.

## پاراستنی پەنابەران

دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ئاستەنگێکیان نەساپدووە بەسەر جووڵەی ئاوارەکان و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان، بەڵام هەندێک رێکاری یاسایی هەیە کە جێبەجێ دەکرێن لەلایەن دامەزراوەکانی ئاسایش لەکاتی هاتنی ئاوارەکان بۆ ناوچە ئارامەکان، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی لەژێر مەترسی تیرۆردان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان جووڵەی کاڵا ئاستەنگ ناکات، بەڵام کۆمەڵێک رێکاری ئاسایش هەیە بۆ پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکان و بۆ رێگرتن لە دزەکردنی تیرۆریستان بۆ ئەم ناوچانە. ئەم میکانیزمە هەموو دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەگرێتەوە بەبێ جیاکاری لەنێوان پێکهاتەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی پەیڕەوکردوە بۆ دابینکردنی هەلی کار بۆ ئاوارەکان و پەنابەران. بەپێی ئامارە فەرمییەکان، ٦٣,٥٪ی ئاوارەکان و ٨٧,٩٪ی پەنابەرانی سوری کاردەکەن و مافیان هەیە بەئاسانی کەمپ بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە.

پەنابەران و ئاوارەکان ئازادی تەواوی جووڵەیان هەیە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان. ئاوارەکان پێویست ناکات داوای کارتی نشینگە بکەن. بەڵام پەنابەران پێویستە کارتی نشینگەیان هەبێت بۆ ئاسانکاری جووڵەیان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان.

## هەلی کار بۆ بیانییەکان

ئەگەر کەسێک بەبێ ڤیزە هاتبێتە عێراق رێگەی پێدەدرێت کاربکات لەناو هەرێمی کوردستان وەک پەنابەر یان پەناخواز، ئەگەر مۆڵەتی نشینگەی هەرێمی کوردستانی هەبێت (کە پێویستی بە پشکنینی خوێن و ئەستۆپاکیی ئاسایش هەیە) و پێویستە تەمەنی ١٥ ساڵ یان زیاتر بێت. پێویست ناکات مۆڵەتی کاریش وەربگرێت.

ئەگەر کەسێک بە ڤیزە هاتبێتە عێراق پێویستە مۆڵەتی نشینگەی کار وەربگرێت لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگە (کە پێویستی بە پشکنینی خوێن و ئەستۆپاکیی ئاسایش هەیە). پێویستە خاوەنکار لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگە سپۆنسەری بکات و تۆماری بکات وەک کرێکار لە بەڕێوەبەرایەتی دەستبەری کۆمەڵایەتی.

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی گەڕانەوەی خۆویستانەی پەنابەران و ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، چونکە ناچارکراون لە ماڵی خۆیان هەڵبێن بەهۆی تاوانەکانی داعش، بۆشایی ئەمنیی یان نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. هیچ بەربەستێک نییە لەسەر چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پەنەباران و بەهرەمەندن لە هەموو ئەو مافانەی هاوڵاتیان هەیانە. سەرەڕای ئەوە، پەنابەران و ئاوارەکان ئازادن لە بژاردەی مانەوە لە کوردستان یان گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان.

## بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

دەستەی دەستپاکی بەردەوامە لە لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی گەندەڵی. لە ساڵی ٢٠٢١، (٤٩٣) فەرمانی دادوەری (ئامادەبوون یان دەستگیرکردن) دەرکرا، لەوانەیە ٣٣٧ جێبەجێ کران، هاوکات ٤٠٤ کەس دران بە دادگا، لەناویاندا بەڕێوەبەری گشتی، خاوەن کۆمپانیا و خاوەنکار هەبوون. هەروەها لە ساڵی ٢٠٢١، بڕی مەزەندەکراوی بەهای سامانی بەگەندەڵی براو بریتیی بوو لە (٢٦,٤٠٠,٨٧٤,٨٧٢) دیناری عێراقی، لەمە (٢٥,٩٠٩,٦٢٩,٤٠٠) گەڕێنرایەوە. هاوکات ١٠٢ کەیس لە دادگا یەکلاکرانەوە و ٤٦ کەس سزادران. لە شەش مانگی یەکەمی ٢٠٢٢، دەستەی دەستپاکی هەوڵەکانی دەستپێکردەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. لەو ماوەیەدا، ٣٤ کەس سزادران بە تاوانەکانی گەندەڵی. هەروەها ١٠٢ داوای یاسایی پێشکەشکران بە دادگاکانی کەتن و تاوان.

## ئاشکراکردنی سەروەت وسامانی پۆستە حکومییان

لە ئەنجامی هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و باشترکردنی شەفافیەت، یاسای دەستەی دەسپاکی هەموارکراوی ژمارە ٣ ساڵی ٢٠١١ و ڕێنمایی ژمارە ٢ ساڵی ٢٠١٦ سەبارەت بە ئاشکراکردنی سامان دەرکران. ماددەی ٥ لە یاسای ژمازە ٣ و ماددەی ٢ لە ڕێنمایی ژمارە ٢ داوا لە بەرپرسانی باڵای کەرتی گشتی و فەرماندە سەربازییەکان دەکەن فۆرمی ئاشکراکردنی سامان پڕبکەنەوە و ئاماژەبدەن بە موڵک و سامانی خۆیان و ئەندامانی خێزان.

بەم پێیە، دەستەی دەستپاکی دەستیکردوە بە هەڵسەنگاندنی دروستی وەڵامەکان و لێکۆڵینەوە دەکات لە دەوڵەمەندبوونی ناڕەوا، بەرتیل، خراپ بەکارهێنانی سامانی گشتی، مەحسوبیەت و هیتر. بەرپرسە بەئامانجکراوەکان بریتین لە سەرۆکی هەرێم، سەرۆک وەزیران و جێگرەکانیان، وەزیرەکان و جێگرەکانیان، سەرۆکی فەرمانگەکانی ئاسایش، بەڕێوەبەرە گشتییەکان، فەرماندە سەربازییەکان و هیتر. پاش پشتڕاستکردنەوەی ئاشکرابوونی کردەی گەندەڵی، دەستە مافی هەیە رایبگەیەنێت و بەڵگە کۆکراوەکان پێشکەش بکات بە دادوەری بۆ دەستپێکردنی ڕێکارە یاساییەکان.

بەپێی بڕگەی (٣/٨) لە ماددەی ٥ لە یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ ساڵی ٢٠١١، ئەم پۆستە حکومییانە بابەتن بۆ ئاشکراکردنی سامان:

١. سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی
٢. سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی
٣. سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی
٤. وەزیرەکان و جێگرەکانیان (بەوانەشەوە کە خانەنشینن)
٥. سەرۆکی دەستەی دەستپاکی و جێگرەکەی، هەروەها ئەندامانی باڵای دەستە
٦. بەڕێوەبەرە گشتییەکان و جێگرەکانیان
٧. دادوەران و ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری و ئۆفیسی داواکاری گشتی
٨. فەرماندە باڵا سەربازییەکان و ئاسایش
٩. پارێزگارەکان و سەرۆک شارەوانییەکان
١٠. هەر کەسێکی تر کە پۆستێکی گشتی باڵای هەبێت

بەپێی ماددەی ١٩ لە یاسای دەستەی دەستپاکی، هەر بەرپرسێک: (١) شکستبخوات لە پڕکردنەوە و پێشکەشکردنی فۆرمی ئاشکراکردنی سامان لەماوەی سێ مانگ؛ (٢) هەڵە و نادروستی هەبێت لە داتاکانی ئاشکراکردنی سامان؛ (٣) سامانی هاوسەر، منداڵ، و/یان خزمی پلە یەک ئاشکرا نەکات، ئەوا ڕووبەڕووی سزادان دەبێتەوە بە سێ مانگ بەندکردن و سزای دارایی بە بڕی سێ ملیۆن دیناری عێراقی تا سەد ملیۆن دیناری عێراقی.

دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ستراتیژی چوار ساڵەی داڕشتووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. لە ١٠ شوبات ٢٠٢٠، لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ پێداچوونەوە و هەموارکردنی ستراتیژەکە بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو. پاش ئامادەکردنی ڕەشنووسی یەکەم، ستراتیژەکە پێشکەشکرا بە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) و ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC) بۆ وەرگرتنی بۆچوون و سەرنجەکانیان.

## هەڵوێستی حکومیی لەسەر لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتی و ناحکومییەکان لە بانگەشەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ

تا ساڵی ٢٠٢١ ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان گەیشتە (٥,٤٧٦) ڕێکخراوی تۆمارکراو لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، واتا بەپێی یاسا ئەم ڕێکخراوانە دەتوانن چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن. بەپێی ماددەی ٣ لە یاسای ژمارە ١ ساڵی ٢٠١١ یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێکخراوەکان مافی کارکردن و ئەنجامدانی چالاکییان هەیە لە کوردستانی عێراق.

ڕێکخراوە ناحکومەییەکان گلەیی دەکەن لە سنووورداری کۆمەک و تەرخانکردنی دارایی لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها لە ڕێکارە ئاڵۆزەکانی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان لە بەغداد (هەندێک ڕێکخراوی ناحکومی داوای تۆمارکردنیان سێ ساڵ لەمەوبەر پێشکەش کردوە بەڵام تائێستا داواکارییەکانیان پەسەند نەکراوە)، هەروەها نیگەرانن لە مەرجەکانی تۆمارکردن لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی بەغداد پێش دەرهێنانی هەژماری بانک لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراق.

بەپێی ماددەی ١٩ لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان، پێویستە حکومەت بەشێک لە بودجەی نیشتیمانی تەرخان بکات بۆ کۆمەککردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٥ەوە ئەم کۆمەکانە ڕاگیراون بەهۆی قەیرانی ئابووری کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە.

لە هەرێمی کوردستان (٥,٤٧٦) ڕێکخراوی ناحکومی کاردەکەن بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵی مەدەنیی، جگە لە سەدان ڕێکخراوی ناحکومیی نێودەوڵەتی کە چاودێری و بەشداری دەکەن لە بەرەوپێشبردنی دۆخی مافەکانی مرۆڤ. بێگومان هیچ بەربەستێک نییە لەسەر ئەم ڕێکخراوانە و ئازادانە کاری خۆیان دەکەن. وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی دوولایەنەی هەیە لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر سەبارەت بە دابینکردنی پاراستن و خزمەتگوزارییەکان بە ئاوارەکان و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان.

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان هیچ سکاڵایەکی پێنەگەیشتووە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی سەبارەت بە ئاستەنگکردنی چالاکییەکانیان.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی خاچی سوور (ICRC) و ئۆفیسی کۆمیسیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (UNAMI/OHCHR) و ئاژانسەکانی تر دەستگەیشتنیان هەیە بە بەندیخانە و چاکسازییەکان. وەک لە سەرەوە باسکرا، تەنها لە ساڵی ٢٠٢١ نزیکەی ٨٥ سەردان کراوە بۆ بەندیخانەکان.

هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی سەربە وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی ئاسایش، نووسراوی ڕێگەپێدان دەدەن بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئاژانسەکان کە داواکارییان پێشکەش کردووە بۆ سەردانکردنی بەندکراوان. داواکارییەکان بەگشتی بریتین بوون لە سەردانی کەمپەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکانی نەینەوا و پارێزگاکانی تری عێراق.

تائێستا هیچ داواکارییەک لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ڕەتنەکراوەتەوە. هاوکات هیچ خێزانێکی داعش لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان نین تا سەردان بکرێن. سەنتەری هەماهەنگی هاوبەش بەهاوکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، داواکاری بەردەوامیان پێدەگات بۆ ئاسانکاری بۆ ڕێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان بۆ سەردانکردنی خێزانی گومانلێکراوانی داعش لە بنکەکانی دەستبەسەرکردن.

**جیاکاری و پێشێلکاری کۆمەڵایەتی و بازرگانیکردن بە مرۆڤ**

**جیاکاری**

زیاتر لە هەشت هەزار کرێکاری بیانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان دەژین. هیچ ڕاپۆرتێکی تۆمارکراو نییە لەسەر جیاکاری.

ئەگەرچی بۆ زۆرینەی پیشەکان موچە لە کەرتی تایبەت بەرزترە، ئیمتیازەکانی کەرتی گشتی سەرنجڕاکێشترە لەوانەی کەرتی تایبەت پێشکەشیان دەکات. نزیکەی ٨٠ لەسەدی فەرمانبەرانی مەدەنیی چاودێری تەندروستی، خانەنشینی و مۆڵەتی بەموچە وەردەگرن، لەکاتێکدا کەمتر لە ٢٠ لەسەدی کارمەندانی کەرتی تایبەت بەهرەمەندن لەهەمان ئاستی ئیمتیازات.

هاوکات یاساکان کە بەکارخستنی کرێکاری بینایی ڕێکدەخەن، وەک پێویست جێبەجێ ناکرێن، لە ئەنجامدا زۆر کۆمپانیای کەرتی تایبەت کرێکاری بیانی بەکاردەخەن. ئەم دیاردەیە لە ساڵی ٢٠٢١یش بەدیکراوە.

**نموونەی جیاکاری جێندەریی**

جیاکاری لەسەر بنەمای جێندەر بەپێی یاسا و ڕێکارە کارگێڕییەکان قەدەغەیە، ئەگەر جیاکاری ڕوویدا، کەسانی تێوەگلاو ڕووبەڕووی ڕێکاری یاسایی دەبنەوە.

**بەڵگە لەسەر گێچەڵی سێکسیی لە شوێنی کار**

هیچ ڕاپۆرتێک نەدراوە لەسەر گێچەڵی سێکسیی لە شوێنی کار.

**توندوتیژی دژی کەسانی هاوڕەگەزخواز، جووتڕەگەزخواز، ڕەگەزگۆڕاو (LGBTI)**

یاسا و ڕێنماییەکان ڕێگرییان داناوە بۆ پیادەکردنی هاوڕەگەزخوازی، لەوانەیە لە هەندێک دۆخدا ڕێگرییەکان زیاتر بن لە سنوورە یاساییەکان. بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢ هیچ ڕووداوێکی توندوتیژی نەبووە لە دژی کەسانی (LGBTI).

**ئافرەتان**

بەرەوپێشچوونەکان لە مافەکانی ئافرەتان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە بوارەکانی هاوسەرگیری، جیابوونەوە، لەخۆگرتنی منداڵ، کار، موچە، خاوەندارێتی و بەڕێوەبردنی کار و موڵک، پەروەردە، پرۆسەی دادوەری و نیشتەجێبوون.

**لاقەکردن و توندوتیژی خێزانیی:**

ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان پلانێکی کاری ئامادەکردوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (١٣٢٥) (ئافرەتان، ئاشتی و ئاسایش)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، پاشان پێشکەشی کرد بە ئەنجومەنی وەزیران بەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆ. هاوکات ئەنجومەنی باڵای خانمان پلانەکەی پێشکەشکرد بە هەموو کونسوڵخانە و نێردەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدانی حکومەتی هەریمی کوردستان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پلانێکی نیشتیمانییان دارشت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێم؛ کە پەسەندکرا بەپێی بڕیاری ژمارە ٨ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە ڕێکەوتی ١٩ ئەیلول ٢٠١٢ و کارابوون بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەنێوان ساڵانی ٢٠١٢ تا ٢٠١٦.

پاش ئەوە لە ساڵی ٢٠١٧ ستراتیژەکە نوێکرایەوە بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ ئامانجەکان و پرنسیپەکان و پلانەکان بۆ ماوەی دە ساڵ (٢٠١٧ تا ٢٠٢٧) و پێکدێت لە چوار بوار و ئامانجە سەرەکییەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: بواری یاسایی (ئامانجی سەرەکیی): نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری یاسایی لەدژی ئافرەتان و دابینکردنی پاراستنی یاسایی بۆ ئافرەتان.

دووەم: بواری خۆپارێزی (ئامانجی سەرەکیی): بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگە دەربارەی هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کاریگەرییەکانی لەسەر خێزان و کۆمەڵگە.

سێیەم: بواری پاراستن (ئامانجی سەرەکیی): پاڵپشتیکردن و داکۆکیکردن لە قوربانی توندوتیژی و پاراستنی ئافرەتان لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی.

چوارەم: بواری چاودێری (ئامانجی سەرەکیی): باشترکردنی خزمەتگوزارییە دابینکراوەکان بۆ ئافرەتانی رزگابووی توندوتیژی.

**ئافرەتانی رزگابووی ئێزیدی**

بەمەبەستی دداننان بە تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش، حکومەتی هەریم دۆکۆمێنتی دۆسیەی هەزاران رفێنراوی کردوە. تا ئێستا نزیکەی (٥,١٧٠) کەیس تۆمارکراون، لەوانە زیاتر لە (٢,٣٢٤) کەیس لە دادگاکان یەکلاکراونەتەوە، (٢,٠٠٠) هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدان و (٢,٩١٦) کەس وەک بێسەروشوین تۆمارکراون. پاڵپشتی کۆمەڵایەتی و دەروونی پێشکەش دەکرێت بە زیاتر لە (٢,٢٣٤) قوربانی. بەمەبەستی دۆکۆمێنتکردنی تاوانەکانی داعش، حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری کردوە لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش (UNITAD) و سەرکەوتوانە زیاتر لە (٧٣,٩١٢) لاپەڕە بەدیجیتاڵ کراون سەبارەت بەم تاوانانە.

حکومەتی هەرێم هەوڵی نەپساوەی داوە بۆ رزگارکردنی کەسانی رفێنراو، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوونی کەیسی رفێنراوان و تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە. تا ٢٢ شوبات ٢٠٢٢ نزیکەی (٣,٥٥٢) کەس رزگارکراون، لەوانە (١,٢٠٧) ئافرەت، (٣٣٩) پیاو و هێشتا (٢,٧١٩) کەس بێسەروشوێنن.

پلانی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ پێداگری دەکات لەسەر چڕکردنەوەی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و ئۆفیسی رزگارکردنی ئێزیدییەکان و لایەنە پەیوەندارەکانی تر بۆ رزگارکردنی ئەو ئێزیدیانەی هێشتا لای داعش دیلن.

هاوکات چوارچێوەی داناوە بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەکی نوێ بۆ چارەسەرکردن و قەرەبووکردنەوەی ئازارەکانی رزگاربووانی ئێزیدی و پێکهاتەکانی تر، ئەمەش هاوتەریب لەگەڵ یاسای ژمارە ٨ ساڵی ٢٠٢١ی حکومەتی فیدراڵ.

**توندوتیژی خێزانی**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، بیست و حەوت ئۆفیس و پێنج لقی ئۆفیسی هەیە. بەرپرسە لە دابینکردنی پاراستنی دەروونیی، یاسایی و جەستەیی ئەو ئافرەتانەی رووبەڕووی توندوتیژی خێزانی دەبنەوە. هەروەها هەر یەکێک لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەنتەری راوێژکاری هەیە بۆ ناوبژیوانی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ساڵی ٢٠١١.

بەدرێژایی ساڵی ٢٠٢١ -٢٠٢٢ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، چەندین وێرکشۆپ و سیمیناری رێکخست بۆ ئەفسەرانی بەرزەفتکردنی یاسا، چەندین پرۆگرامی تەلەفزیۆنی

پێشکەش کرد بۆ خۆپاراستن و هۆشیارکردنەوە، هەڵمەتی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی ئەنجامدا و ڕێسا و ڕێنمایی دەرکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، هەروەها کتێب و بڵاوکراوەی چاپکرد لەسەر ئاکامەکانی توندوتیژی خێزانی لەسەر تاکەکەس و کۆمەڵگە. هاوکات هێڵی گەرمی ژمارە (١١٩) بیستوچوار کاتژمێر بەدرێژایی حەوت ڕۆژ لە هەفتەدا کراوەیە بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرت و هەواڵدان لەسەر توندوتیژی خێزانی، کە بەتێکڕا ساڵانە (١١,٠٠٠) پەیوەندی وەردەگرێت.

هاوکات بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بەهەماهەنگی لەگەڵ سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری دانیشتوان (UNFPA) سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەپلیکەیشنێکن بۆ زیادکردنی ڕووماڵی هێڵە گەرمەکە و دروستکردنی تۆڕی کارلێکی و پەیوەندییکردن لەنێوان قوربانییەکان و دابینکردنی دەستگەیشتن بە ڕاوێژکاریی زیندوو لەلایەن دەروونناس و پسپۆڕی دەروونیی و خزمەتگوزارییەکانی تر.

ژمارەی کەیسەکانی جیابوونەوە لە هەرێمی کوردستان ساڵانە دەگاتە نزیکەی (١١,٠٠٠) و ژمارەی توندوتیژی ڕاپۆتکراو دەگاتە نزیکەی (١٤,٤٤٩). لەم دواییانەدا ژمارەی سکاڵاکان بەرزبوونەوە بە بەراورد بە ژمارەی کوشتن و خۆکوشتن کە لە کەموبونەوەدان بەهۆی بەرزبوونەوەی هۆشیاری ئافرەتان دەربارەی مافەکانیان.

شێلتەرەکان لە پاش دامەزرانیان لە سەرانسەری هەرێم (٢,٠٠٠) کەیسیان وەرگرتووە، زۆرینەی ئەم کەیسانە بەهاوکاری سەنتەرەکانی ڕاوێژکاریی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی چارەسەرکراون.

سەرەڕای هاووڵاتیانی هەرێم، شێڵتەرەکان ئافرەتی پەنابەر و ئاوارە و بیانیی نیشتەجێی هەرێم وەردەگرن، بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن کەمئەندامی یان پێداویستی تایبەتن، بەبێ هەبوونی هیچ جۆرە جیاکارییەک لەسەر بنەمای هاووڵاتینامە، ئایین یان زمان. پاش دامەزرانی شێڵتەرەکان، ژمارەی ئافرەتانی ئاوارە و پەنابەر بەم شێوەیە بووە:

سلێمانی: ١٧ ئاوارە
هەولێر: ١٠ ئاوارە و ١٨ ئافرەتی هاووڵاتینامەی جیاواز
دهۆک: ١٥ ئاوارە، کەیسی ١٤ لەمانە چارەسەرکراوە

**توندوتیژی جێندەریی**

**کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەری**

لە ٤ نیسان ٢٠٢٢، حکومەتی هەرێمی کوردستان یاداشتی لێکتێگەیشتنی واژۆکرد لەگەڵ سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری دانیشتوان (UNFPA) بەمەبەستی هاندانی هاوکاری میدیا سەبارەت بە چەند پرسێکی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، لەوانە توندوتیژی جێندەریی و گێچەڵی ئۆنلاین. هاوبەشییەکە دەخوازێت کۆمەڵێک هەڵمەت ڕێکبخات بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی

"خۆپاراستن و وەڵامدانەوە"ی پەیوەست بە کەیسەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و مافەکانیان و پاڵپشتیکردنی سەلامەتی و خۆپاراستن لە گێچەڵی ئۆنلاین.

سەبارەت بە دڵنیاییکردن لە جێبەجێکردنی ستراتیژی نیشتیمانیی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان، پێشنیازکراوە وێرکشۆپ بۆ ئافرەتانی ناوچە گوندییەکان رێکبخرێت لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ؛ ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان لەلایەن ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، بەتایبەتی ئیستغلال و کۆیلایەتی سێکسیی؛ دەرکردنی یاسایەک لەسەر گێچەڵی سێکسی لە شوێنی کار و شوێنە گشتییەکان، هەروەها تەرخانکردنی دەروازەیەک بۆ ئیستغلال و کۆیلایەتی سێکسیی و ئەنجامدانی هەڵمەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە میدیا و فەیسبوک، ئینستاگرام و تویتەر بۆ مەبەستی هاندانی ئافرەتان بۆ هەواڵدان لەسەر کەیسەکان؛ دانانی داتابەیسی ئەلەکترۆنی و کاغەزیی بۆ نیشاندانی تاوانەکان لەدژی ئافرەتان و دانانی سیاسەتی گونجاو لەسەر بنەمای ئەم داتایانە و ئەنجامە زانستییەکان؛ هەڵسەنگاندنی ساڵانە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بۆ نیشاندانی کاریگەریی رێکارە پەیڕەوکراوەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی زیادبوونی ئەم دیاردەیە و ئاستەنگەکان و پێشنیازکردنی رێگەچارەکان؛ هەروەها ئامادەکردنی رەشنووسی یاسا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ٣٩٨ لە یاسای سزادانی عێراقی، کە هانی توندوتیژی دەدات و پەیڕەوکردنی سزای قورستر بۆ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە.

هاوکات نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێم، هەماهەنگی کردوە لەگەڵ شانشینی بەریتانیا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (FCDO) بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی یەکسانی جێندەریی. بەم زوانە پرۆگرامی پەیوەست بە جێندەر رادەگەیەنرێت.

**ئەو بوارانەی پێویستیان بە هەموارکردن هەیە لە یاسای توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ساڵی ٢٠١١**

پرۆژەی هەمواری یاسای توندوتیژی خێزانی پێشکەش کراوە بە پەرلەمان. پرۆژەکە ١٧ "تاوانی توندوتیژی" ریزکردوە لەدژی خێزان و ئافرەت، یەکێک لەوانە سەرجێیکردنی زۆرەملێیە. هەروەها هەموارەکە رێگەدەدات بەهەر کەسێک کە ئاگاداری توندوتیژییە هەواڵ بدات بە دادوەری لێکۆڵینەوە، لێکۆڵەر یان داواکاری گشتی، هەروەها کەسی هەواڵدەر دەپارێزرێت لەڕێگەری دەرکردنی فەرمانی دادگا بۆ دوورخستنەوەی پێشێلکار و رێگریکردن لە پەیوەندیکردن بە ئەندامانی خێزان بەبێ رەزامەندی خۆیان.

**حوکمدان یان سزادانی تاوانباران بە کوشتن یان تاوانی تر بەناوی شەرەف**

**کەیسە دیاریکراوەکانی توندوتیژی جێندەریی: کەیسی کوشتنی ماریا لە ٦ مارس**

کەسی تێوەگلاو لە کوشتن لەسەر شەرەف بەبێ جیاوازی لێپرسینەوەی لێ دەکرێت. سەبارەت بە کەیسی ماریا، بکوژ کە برای قوربانییە، حکومدرا بە کوشتنی پلان بۆ دانراو و بەندکردن بۆ ماوەی ١٥ ساڵ.

**خەتەنەکردنی مێینە**

ماددەی ٦ لە یاسای توندوتیژی خێزانی سزای داناوە بۆ خەتەنەکردنی مێینە، چونکە یەکێکە لە جۆرە مەترسیدارەکانی توندوتیژی خێزانی.

١- هەر کەسێک هانی خەتەنەکردنی مێینە بدات، ئەنجامی بدات یان بەشداری بکات لەگەڵ کەسانی تر، یان کەسێک کە ڕەزامەندی داوە یان هاوکاریی خەتەنەکردنی مێینەی کردووە، سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەی شەش مانگ تا دوو ساڵ و سزای دارایی بە بڕی یەک تا پێنج ملیۆن دیناری عێراقی، یان یەکێک لەم دوو سزایە.

٢- یاساکە سزاکە توندتر دەکات بۆ خەتەنەکردنی مێینە بەهۆی دۆخی تایبەت: یەکێک لەوانە پەیوەستە بە قوربانی و ئەوی تر بە پێشێلکار. ئەگەر قوربانی منداڵ بوو، پێویستە ئەنجامدەر یان بەشدار لە خەتەنەکردن سزای بەندکردن بدرێت بە ماوەیەک کەمتر نەبێت لە یەک ساڵ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ و سزای دارایی بە بڕی یەک تا پێنج ملیۆن دیناری عێراقی؛ یان یەکێک لەم دوو سزایە. ئەگەر پێشێلکار پزیشک، دەرمانساز، یاریدەدەری پزیشک، مامان یان یەکێک لە یاریدەدەرەکانیان بوو، پێویستە سزا بدرێت بەو سزایانەی دیاریکراون بۆ تاوانەکە، هەروەها پێویستە دادگا سەرەڕای سزا دیاریکراوەکان، فەرمان بکات بە قەدەغەکردنی لە ئەنجامدانی ئەو پیشە یان کارە بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ. لێرەدا جەختکراوەتەوە لە تایبەتمەندیی تۆمەتبار، و بڕیاردراوە لە سزای سەربار بۆ سەر سزای ناچارەکیی، کە بریتییە لە قەدەغەکردنی لە پیادەکردنی پیشە یان کارەکەی بۆ ئەو ماوەیەی یاساکە دیاریکردوە.

**نەریتی تری زیانبەخش**

حکومەتی هەرێمی کوردستان مامڵە لەگەڵ کوشتن لەسەر شەرەف دەکات وەک تاوانێکی بێ پاساو کە شایانی لێخۆشبوون نییە. پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٣ ساڵی ٢٠١٥ی دەرکرد، ئەم یاسایە حکومەکانی ماددەی ٤٠٩ی یاسای سزادانی عێراق ناکارا دەکات، کە ماددەکە سزای کوشتن یان لێدانی ژن یان یەکێک لە ئەندامانی مێینەی خێزان کەمدەکاتەوە، ئەگەر لەناکاو لەکاتی زینا یان سەرجێی بینی.

بەپێچەوانەی یاسای عێراق – کە نەرمە بەرامبەر ئەو پیاوانەی کوشتن بەناوی سڕینەوەی شەرەف ئەنجام دەدەن – یاساکەی هەرێمی کوردستان کوشتن لەسەر شەرەف وەک کوشتنی بەمەبەست هەژماردەکات و ڕێکاری سزایی قورسی بۆ داناوە، بۆ نموونە سزای هەتاتایی.

بەدرێژایی ساڵی ٢٠٢١، بەپێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، ٨٥٪ی ئەو پیاوانەی کوشتنی شەرەفیان ئەنجامداوە دەستگیرکراون. ئەوانی تر هەڵهاتوون لە وڵات یان لە شوێنی نادیار خۆیان شاردۆتەوە، بەڵام بەبێ جیاوازی فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرکراوە و بەپێی ئەو فەرمانە دەستگیر دەکرێن.

**دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروستی سێکسیی و منداڵبوون**

دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی سێکسیی و منداڵبوون بۆ رزگاربووانی توندوتیژی سێکسیی، بەتایبەتی رێگرتنی بەپەلە لە منداڵبوون.

سەنتەری تایبەتمەند هەیە بۆ پشکنینی کچان و ژنان کاتێک دەخوازن هاوسەرگیری بکەن، بەمەبەستی رێگریکردن لە نەخۆشییە بۆماوەیی و گوێزراوەکان. هاوکات بەرنامەی تایبەت هەیە لە بنکەکانی تەندروستی بۆ کچان و ژنانی تەمەن ١٥ تا ٤٥ساڵ.

بەرنامەی چاودێری دایکی دووگیان لە بنکەکانی تەندروستی جێبەجێ دەکرێت بۆ دایکانی دووگیان و تۆمارکردنیان بۆ چاودێری و چارەسەری رێکخراو لەمیانەی سووڕی منداڵبوون. هەروەها خزمەتگوزارییەکانی پاش منداڵبوون و چارەسەری ئیمێرجنسی دابین دەکرێت بۆ دایکان و منداڵان. هەروەها هێڵیکی گەرمی تایبەتمەند هەیە بۆ لاوان و هەرزەکاران کە پرسیار یان نیگەرانیی تەندروستییان هەیە.

لە کەمپەکان بنکەی تەندروستی هەیە و بەهەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکان بەڕێوەدەبرێن، کە تیمی گەڕۆکیان هەیە بە سەرکردایەتی پزیشک و توێژەری دەروونیی. دەرمانەکان لەلایەن وەزارەتی تەندروستی دابین دەکرێن. سەنتەری تایبەتمەند هەیە لە هەولێر، دهۆک و سۆران بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رزگاربووانی ئیستیغلالی سێکسییەکان.

**یەکلاکردنەوەی کەیسەکان و دواکەوتنیان**

بەپێی پرنسیپەکانی یاسای رێکارەکانی دادگای تاوان ژمارە (٢٣ ساڵی ١٩٧١) و رێکارەکانی دادگای مەدەنی ژمارە ٨٣ ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو، سنووری کات دیاریکراوە بۆ یەکلاکردنەوەی داواکان، پێویستە لە شەش مانگ تێنەپەڕێت، بەڵام دواکەوتن لە داواکانی تاوان کە هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدان لەلایەن بنکەی پۆلیس، زۆرجار بەهۆی نەبوونی ئامێر و کەرەستەی پێویستە بۆ ئەنجامدانی کارەکان، بەهۆی کەمی ژمارەی دادوەران و رۆتیناتی تاقەتپروکێن. بەڵام ژمارە و ماوەی دواکەوتنەکان کەمترە و سنووردارە بۆ چەند کەیسێکی دیاریکراو.

هیچ گێچەڵ یان هەڕەشە دژی دادوەران راپۆرت نەکراوە لە ساڵی ٢٠٢٢. وەک لە سەرەوە باسکرا، لیژنەیەکی تایبەت هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەم تۆمەتانە.

پارێزەران دەستگەیشتنی تەواویان هەیە بە بریکاردەرەکانیان لەکاتی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن.

**ڕەوشی منداڵان**

لە هەرێمی کوردستان پەروەردە ناچارەکییە بۆ منداڵی تەمەنی ٦ تا ١٥ساڵان. لەکاتی پەتای کۆرۆنا، وەزارەتی پەروەردە سەکۆی ئی وانەی ئەلەکترۆنی دروستکرد بۆ دەستگەیشتنی قوتابیان بە وانەکانیان. بەڵام کۆڤید ١٩ کاریگەریەکانی هێشتا بەردەوامە.

**پێشێلکاری بەرامبەر منداڵ**

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی خێزانی ژمارە ٨ ساڵی ٢٠١٢ کۆمەڵێک ڕێکاری نایابی داناوە بۆ ڕێگرتن لە توندوتیژی لەدژی منداڵ لەلایەن خێزان و کەسوکار. بەم پێیە، پێشێلکار سزای توند دەدرێت بەپێی ماددەی ٣٩٨ و ٣٩٣ لە یاسای سزادانی عێراق.

پلانی کاری هەرێم کۆمەڵێک ڕێگەچارەی باشی داناوە لەم بوارەدا و جێبەجێکردنیان دەکاتە ناچەرەکیی لە هەموو دامەزراوە پەیوەندارەکان: هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری منداڵان و هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەمەبەستی داڕشتن و نەخشەسازی و جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ مامۆستا، بەڕێوەبەر، سەرپەرشتیار و توێژەرانی کۆمەڵایەتی.

هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییە پسپۆڕەکان لە بواری پاراستنی منداڵ لە هەریمی کوردستان و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان بە کاروباری منداڵ بەمەبەستی پاراستنی مافەکانی منداڵان و هۆشیارکردنەوەیان لە ئیستیغلال و توندوتیژی سێکسیی، بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە، دۆخی دەروونیی و کولتوری و هەڵسوکەوتیان لە کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی لەسەر پرسەکانی ژیان. دابینکردنی پێداویستییەکان و پاڵپشتی مرۆیی و زانستی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیی و ناوخۆییەکان بەهاوکاری و هەماهەنگی وەزارەتە پەیوەندارەکانی بواری پاراستنی منداڵ بەمەبەستی دابینکردنی پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی.

سەبارەت بە دابینکردنی چاودێری دەروونیی و ساڕێژبوونەوەی دەروونیی و تێکەڵکردنەوە لەگەڵ کۆمەڵگە بۆ منداڵی قوربانی توندوتیژی سێکسی، پلانی هەرێم جەخت دەکاتەوە لە ڕاهێنانی کارمەندانی تەندروستی و پزیشکان لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانی توندوتیژی سێکسیی و دابینکردنی چارەسەر، هەروەها پێویستبوونی داڕشتنی ڕێبەرێک بۆ چارەسەری منداڵی قوربانی توندوتیژی سێکسیی.

سەبارەت بە کارکردنی منداڵ، بەپێی یاسا قەدەغەیە منداڵ لە خوار تەمەنی ١٥ ساڵی کاربکات. ئەوانەی دەکەونە نێوان ١٥ تا ١٨ ساڵ و کاردەکەن، یاسا دەیانپارێزێت و نابێت لە کاری مەترسیدار یان تواناپڕوکێن کاربکەن.

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی توندوتیژی زارەکیی و جەستەیی لەدژی ئافرەت و منداڵ وەک تاوان ناساندوە و سزای بۆ داناوە.

یاسای پاراستنی منداڵ لە کۆتا قۆناغی رەشنووسدایە. رەشنووسەکە لەلایەن کۆمەڵێک پسپۆڕی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە لەناو حکومەت و دەرەوەی حکومەت ئامادەکراوە و پێشکەشکراوە بە ئۆفیسی سەرەکیی یونسێف لە عەممان بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن. یاساکە لە شەش دەروازە، هەشت بەش و ٤٥ ماددە پێکدێت. زۆر هەمەلایەنە و مامەڵە لەگەڵ کۆی پرسەکانی منداڵ دەکات.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی رێنمایی ژمارە ١ ساڵی ٢٠١٧ی دەکرد بۆ لەخۆگرتن (حضانة)ی منداڵی بەجێهێڵراو یان بێسەرپەرشت کە باوانی کۆچیان کردووە. تەمەنی رێگەپێدراوی ساوا یان منداڵ تا چوار ساڵە و پێویستە بەخێوکەر بەشێوەیەکی یاسایی و گونجاو منداڵەکە بەخێوبکات. سی و پێنج باوان پەسەندکراون بۆ لەخۆگرتنی منداڵ. دانانی منداڵ لەگەڵ باوانی جێگرەوە و لەخۆگرتنیان لەلایەن بەخێوکەر، هەنگاوێکی گرنگە بۆ کەمکردنەوەی سواڵکردن و کارکردن بە منداڵ.

**هاوسەرگیری منداڵ و هاوسەرگیری بەزۆر**

هاوسەرگیری منداڵی هاووڵاتی، پەنابەر و ئاوارە لە هەرێمی کوردستان قەدەغەیە بەپێی ماددەی ١ و ٢ لە یاسای توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ساڵی ٢٠١١، هەروەها یاساکە سزای داناوە بۆ ئەم نەریتە. هاوکات هەرێمی کوردستان ئەفسەری پۆلیسی تەرخانکردوە بۆ ئۆفیسەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە کەمپەکان، بۆ ئاشکراکردنی هاوسەرگیری منداڵ و هاوسەرگیری بەزۆر. تیمەکانی تری رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بەردەوامن لە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە لە کەمپەکان دەربارەی هاوسەرگیری منداڵ و توندوتیژی سێکسیی.

بەڵام بەپێی یاسا هاوسەرگیری لە تەمەنی ١٦ ساڵ و لە دۆخی تایبەت رێگەپێدراوە. ئەمەش بەپێی یاسای ژمارە ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩، کە دەڵێت "عێراقییەکان ئازادن لە هەڵبژاردنی باری کەسیی خۆیان بەپێی ئایین، مەزهەب، بڕوا یان بژاردە، ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت." هەروەها ماددەی ٥ لە یاسای ژمارە ١٥ ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "ئەگەر کەسێکی تەمەن ١٦ ساڵ ویستی هاوسەرگیری بکات، دادوەر دەتوانێت رێگەبدات بە هاوسەرگیرییەکە ئەگەر دەرکەوت کەسەکە شیاوە و بەخێوکەرانی رەزامەندن. ئەگەر بەخێوکەران وەڵامیان نەدایەوە، دادوەر داوایان لێدەکات رەزامەندی بدەن لەماوەیەکی دیاریکراو. ئەگەر بەخێوکەران ناڕەزاییان دەرنەبڕی یان ناڕەزاییەکەیان نەگونجاو بوو، پێویستە دادوەر هاوسەگیرییەکە پەسەند بکات."

هەروەها ماددەی ٢ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ساڵی ٢٠١١ پێناسەی هاوسەرگیری منداڵی کردووە وەک یەکێک لە کردەکانی توندوتیژی خێزانی. ماددەی ٦ی یاساکە سزای داناوە بۆ ئەو کەسەی هاوسەرگیری منداڵ یان هاوسەرگیری بەزۆر ئەنجام دەدات، بە بەندکردن بۆ ماوەی ٢ تا ٥ ساڵ ئەگەر خزمی پلە یەک بوو، بەڵام ئەگەر پێشێلکار کەسێکی تر بوو، سزاکە زیاد دەکرێت بۆ ماوەی سێ تا دە ساڵ.

وەزارەتی ناوخۆ، لەڕێگەی سەنتەری هەماهەنگی هاوبەش، بەردەوامە لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان لەڕێگەی جێبەجێکردنی یاسا بەرکارەکان و ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە. ئامانجی ئەم چالاکییانە بەگشتی بریتییە لە پرسەکانی ئافرەتان، بەتایبەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جەستەیی و سێکسیی لەڕێگەی دانانی کارنامەی نیشتیمانیی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کردنەوەی ئۆفیسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەموو کەمپەکانی پەنابەران و ئاوارەکان لە هەرێم، دروستکردنی ١٤ تیم بۆ هاوکاریکردنی قوربانیانی توندوتیژی سێکسیی، پێکهێنانی لیژنە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکانی تاوانەکانی داعش، هەوڵدان بۆ ئازادکردنی ئافرەتانی رفێنراو لەلایەن داعش و پاڵپشتیکردنی رێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان کە لەم بوارەدا کاردەکەن.

١٦ سەنتەری تایبەتمەند هەیە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەسەر هاوسەرگیری و ئەنجامدانی پشکنینی پێویست پێش هاوسەرگیری بۆ دڵنیابوون لە تەندروستی هاوسەرە نوێیەکان، وەک پشکنینی ڤایرۆسی جگەر، تالاسیما، سیل، ئایدز و هەژاری خوێن.

**خراپ بەکارهێنان (ئیستغلال)ی سێکسی منداڵان:**

هەر کەسێکی تەمەن سەروو ١١ ساڵ کە تاوان ئەنجام دەدات بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەستبەسەر دەکرێت بەپێی حوکمەکانی یاسای سزادان. ئەوانەی لەنێوان تەمەنی ١١ تا ١٨ ساڵن و حوکمدراون، لە چاکسازی نەوجەوانان بەند دەکرێن، لەکاتێکدا ئەوانەی لەسەروو ١٨ ساڵن لە چاکسازی گەوران بەند دەکرێن. بەڵام قوربانیانی ئیستیغلالی سێکسیی بەبێ جیاوازی وەک قوربانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

**دژایەتی کردنی سامیەت**

لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی بەشێکی تایبەتی هەیە بۆ نوێنەرایەتی جووەکان. هەموو مافێکی کولتوری و مەدەنییان هەیە هاوشێوەی هەر هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردستان. نزیکەی ٢٥٠ جوو لە کەرتی گشتی کاردەکەن، بەڵام دابەشبوونیان بەپێی فەرمانگەکان دیار نییە.

**کەسانی خاوەن کەمئەندامی**

وەزارەتی پەروەردە قوتابی خاوەن کەمئەندامی پۆلێنکردوە بەپێی جۆری کەمئەندامی جەستەیی یان هزریی، و بەپێی جێندەر و ئاستی خوێندن. بەپێی ئامارەکانی وەزارەت، (١٠,٤٦٦) قوتابی خاوەن کەمئەندامی لە قوتابخانەکانن. هاوکات ٨٤ مامۆستای تایبەت دابەشکراون بۆ چاودێریکردنی دۆخی قوتابییانی خاوەن کەمئەندامی. تەبا لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، قوتابییانی خاوەن کەمئەندامی لەگەڵ قوتابییانی تر لەهەمان پۆل دەخوێنن. بەڵام هیچ بودجەیەک تەرخان نەکراوە بۆ ئەم بوارە. وەزارەتی پەروەردە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کارئاسانی دەکات بۆ هاتوچۆی قوتابییانی خاوەن کەمئەندامی.

سەبارەت بە پاراستنی قوتابیان لە توندوتیژی، هیچ کەسێکی توندوتیژی راپۆرت نەکراوە. هاوکات، ئەو قوتابییانەی لە داعش رزگارکران، کۆرسی تایبەتیان پێدراوە لەرێگەی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی و هەموویان خراونەتە قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان. بەگشتی ١٣٨ قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان دیاریکران بۆ لەخۆگرتنی قوتابییانی سەربە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی فیدراڵ.

٥٤ قوتابخانە هەیە بۆ پەنابەران و ژمارەی قوتابیان دەگاتە (٣٣,٥٨٤) و ژمارەی مامۆستای سوری دەگاتە (١,٢٥٢) سەرەڕای مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە. بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ وەزارەتی پەروەردە دەستیکردوە بۆ جێبەجێکردنی میکانیزمی تێکەڵکردنی قوتابییە پەنابەرەکان لە هەرێمی کوردستان، پشتبەست بە فەرمانی وەزاریی ژمارە (١٤٦٦٥) لە ٢١ تەموز ٢٠٢٢.

سەرەڕای نەبوونی سەرچاوەی دارایی پێویست، وەزارەتی پەروەردە دەستیکردوە بە دانانی توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونیی و پەروەردەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابیان، ئێستا (١,٨٠٥) توێژەر لە قوتابخانەکان کاردەکەن.

بەپێی ماددەی ٣ لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسانی خاوەن کەمئەندامی ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠١١، پێویستە حکومەت ٥٠٪ی پۆستەکانی کەرتی گشتی تەرخان بکات بۆ کەمئەندامان. هاوکات لە هەمواری یاساکە ژمارە ٨ ساڵی ٢٠٢١، پێویستە خاوەن پرۆژەکانی کەرتی تایبەت رێژەیەکی سەدیی تەرخان بکەن بۆ بەشدارپێکردنی کەمئەندامان.

وەزارەتی کار ٦٠ وێرکشۆپ و کۆرسی راهێنانی ئەنجامداوە بۆ برەودان بە زمانی ئاماژە بۆ نابیستان. یاداشتنی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە هەموارکراوەتەوە سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابییانی پەیمانگەکانی هیوای نابیستان و روناکی نابینایان لە ئامادەییە پیشەییەکان و پەیمانگەی کۆمپیوتەر و هونەرە جوانەکان. هەروەها یاداشتەکە ئامادەکاری و راهێنان دەکات بە وەرگێری زمانی ئاماژە بۆ نابیستان کە رووبەڕووی گرفتی هەڵە تێگەیشتن دەبنەوە لە جێبەجێکردنی کارەکانیان لەناو کۆمەڵگە و لە میدیا.

پرۆژەکە بە چەند قۆناغێک جێبەجێ دەکرێت. قۆناغی یەکەم بریتییە لە ڕاهێنانی ٢٠ وەرگێڕی زمانی ئاماژە بۆ نابیستان لەلایەن ڕێکخراوێک بە کۆمەکی دارایی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا و بەپاڵپشتی کۆنسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر. ئامانجەکان بریتین لە ڕاهێنانی ٢٠ وەرگێڕی زمانی ئاماژە بۆ نابیستان بۆ ماوەی ١٤ هەفتە، ٤ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، بەمەبەستی هاوکاریکردنی نابیستان لە جێبەجێکردنی مامەڵە فەرمییەکانیان، هەروەها تۆمارکردنی وانەکانی زمانی ئاماژە بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و بڵاوکردنەوەی لەسەر ماڵپەڕی وەزارەت و ڕێکخراوەکە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سوودگەیاندن بە زۆرترین کەس، هەروەها هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی کەناڵەکانی میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵە سەرەکییەکان یان بەرنامە خاوەن جەماوەرەکانیان بە وەرگێڕی زمانی ئاماژەوە بۆ ئەوەی کەسانی نابیست بێبەش نەبن لە هەواڵ و زانیارییە گرنگەکان.

### ڤایرۆسی (HIV) ئایدز و لەکەی کۆمەڵایەتی

لە ساڵانی ڕابوردو، ٣٠٥ کەس پشکنینی ئەرێنی (HIV) یان بۆ کراوە، لەناو ئەمانەدا ٥٢ کەس هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بوون و ٢٥٣ کەس بیانی بوون. لە ساڵی ٢٠٢٠ کۆی (١٩٤,٠٠٠) پشکنینی (HIV) ئەنجامدرا، لەمانە ٢٠ هاووڵاتی و ١٧ بیانی ئەرێنی بوون. کرێکاری بیانی لەکاتی گەیشتن پشکنینیان بۆ دەکرێت. یەکەیەکی تایبەت لە نەخۆشخانەی ڕزگاری تەرخانکراوە بۆ ئەو کەسانەی هەڵگری ڤایرۆسەکەن، بەڵام هیچ ئاستەنگێک نییە لەسەر جووڵەیان.

### مافەکانی کرێکاران

### ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراو و مافی دانوستانی بەکۆمەڵ

لە هەرێمی کوردستان سەندیکاری کرێکاران ٨ لقی هەیە.

سێ یاسا هەیە بۆ پاراستن و پێناسەکردنی مافەکانی کرێکاران: یاسای کاری عێراق ژمارە ٧١ ساڵی ١٩٨٧؛ یاسای ڕێکخستنی سەندیکا ژمارە ٥٢ ساڵی ١٩٨٧ و یاسای خانەنشینی و دەستبەری کۆمەڵایەتی ژمارە ٣٩ ساڵی ١٩٧١.

کرێکاران ڕێگرییان لێناکرێت لەکاتی دەربڕین لە بۆچوونی خۆیان و خواستیان بۆ دانوستانی بەکۆمەڵ.

### قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵ و کەمترین تەمەنی کارکردن

سەبارەت بە کارکردنی منداڵ، قەدەغەیە منداڵی خوار تەمەن ١٥ ساڵ کاربکات. ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ١٥ تا ١٨ ساڵە نابێت کاری قورس و تاقەتپڕوکێنیان پێبدرێت.

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، توندوتیژی زارەکیی و جەستەیی لەدژی ئافرەت و منداڵ وەک تاوان ناساندوە و سزای بۆ داناوە.

یاسای پاراستنی منداڵ لە کۆتا قۆناغی رەشنووسدایە. رەشنووسەکە لەلایەن کۆمەڵێک پسپۆڕی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە لەناو حکومەت و دەرەوەی حکومەت ئامادەکراوە و پێشکەشکراوە بە ئۆفیسی سەرەکیی یونسێف لە عەممان بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن. یاساکە لە شەش دەروازە، هەشت بەش و ٤٥ ماددە پێکدێت. زۆر هەمەلایەنە و مامەڵە لەگەڵ کۆی پرسەکانی منداڵ دەکات.

**پەلامار لەدژی کارمەندانی مرۆیی، چاودێری تەندروستی و ژێرخان:**

هیچ پەلامارێکی بەمەبەست لەدژی کارمەندانی مرۆیی، چاودێری تەندروستی و ژێرخان بنکە تەندروستییەکان راپۆرت نەکراوە.

**جیاکاری لەبواری کار و پیشە**

یاسا جیاکاری قەدەغەکردوە لەدژی ئافرەت و کرێکاری بیانیی و هیچ راپۆرتێک نییە لەسەر رووداوی جیاکاری.

**رێکخستنی دەزگا سەربازی و ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم**

ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١ دامەزراوە، ئەم یاسایە لە ٢٠١١/٥/٢ لە دانیشتنی ژمارە (١١)ی پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر کراوە و دواتر پەسند کراوە و ئێستاش کار بەو یاسایە دەکرێت، کە پلان بۆ سیاسەتێکی یەکگرتووی ئاسایش دادەڕێژێت و ڕێکیدەخات و هەماهەنگی لە نێوان تێکڕای دەزگا پەیوەندیدارەکان دروست دەکات، مەبەستیش لەو یاسایە دانان و دارشتنی بنەماکانی ئاسایشی هەرێم و ڕونکردنەوەی پێکهاتە تایبەتەکانی ئەنجومەنە، کە پێکدێت لە: دەزگای ئاسایشی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازی و ئاژانسی پاراستن و زانیاری. بۆیە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک حزبی نییە.

پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە کاریگەری هەبووە لەسەر دانانی پلان و بەرنامەی تۆکمە و باش بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی هەر مەترسیەك کە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکات، زەرورەتی هەبوونی ئەم دەزگایە لە ئێستادا بۆ هەرێمی کوردستان زەرورە، بۆیە پێویستمان بەوە هەیە ئەنجومەنێکی ئاسایش لە ژێر ئاڵای هەرێمی کوردستان هەبێت، چونکە کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر زیاتر چەسپاندن و بەرقەرارکردن و

مسۆگەرکردنی ئارامی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان، بە جۆرێك لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتی دەگونجێت بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکات.

هێزە ئاسایش پارێزەکانی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠١١دا کاروبارەکانیان بە پێی یاسا ڕێکخراوە، لەبەر ئەوە ئەم دەزگایانە بە شێوەیەکی شەرعی بەشێکن لە پێکهاتە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان، کاریان کردووە بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانی هەرێمەکەیە لە هەڕەشەکان.

بۆیە هەم بە یاسا سەلمێنراوە کە دەزگایەکی حکومی و فەرمین، و هەم بە کردەوەش ئەم دەزگایە سەلماندویەتی کە هێزە ئاسایش پارێزەکان لە خزمەتی هاووڵاتیانی کوردستاندان.

دادگاکانی سەربازی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندین بەدادگایکردنی کەسانی سەربازی لەپێشمەرگەو ئەفسەر بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزای سەربازی ژمارە (٣٠) ی ساڵی ٢٠٠٧ ی بەرکار لەهەرێمی کوردستان، تاکو ئێستا هیچ پێشمەرگە و ئەفسەرێکی وەزارەتی پێشمەرگە لەسەروی یاساوە نین وەهیچ جۆرە پارێز بەندیەک نەکراوە بۆ تۆمەتباران ئەوەی پەڕاوی هەبێت دادگایی دەکرێت بەهیچ جیاوازی کردنێک لەکاتی دادگایکردندا بەپێی یاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ ی بەرکار و سەرجەم یاسا سزاییە بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان وەهەرکەسێک لەهێزی پێشمەرگە کارێکی نایاسایی بکات جا سەرپێچی بێت یاخود کەتن بێت یان تاوان بێت ملکەچە بۆ یاساو دادگا بەبێ پارێزبەندی وەتاکو ئێستا پارێزبەندیەک بۆ هیچ کەسێکی هێزی پێشمەرگە نەکراوە وە هەبونی پەڕاوەکانی دادگای سەربازی و بڕیارەکانی دادگا بەپێی ڕێکارە یاساییەکان بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن.

لەکاتی ڕاگرتن دا لە ناوهێزی پێشمەرگەی کوردستان هیچ جۆرە زەبرو زەنگێک بونی نیە لەپێش دادگاییکردندا بەبەڵگەی ئەوەی هیچ کەسێک لەکاتی دادگایکردن سکاڵای یاسای نەبووە لە ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی یەکەسەربازیەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کەدەسەڵاتی دادوەری لێکۆڵینەوەیان هەیە بەپێی مادەی (١٠) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردنی سەربازی ژمارە ٣٠ ی ساڵی ٢٠٠٧ ی بەرکار.

لەئەنجومەنی لێکۆڵینەوە لەیەکە سەربازیەکان و دادگا سەربازییەکان هیچ کەسێک بەبێ بڕیاری دادوەر ڕاناگیرێت وەبەڵگەی ناو پەڕاوەکان لەدادگا سەربازییەکان لەبەردەستن بەبێ بڕیاری دادوەر هیچ کەسێک ڕانەگیراوە وەڕێکاری یاسایی ڕاگیران بەپێی یاسای بەرکار جێبەجێ دەکرێت بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کەلەیاسادا هاتووە .

لەدادگا سەربازییەکان هیچ پەڕاوێکمان لەبەردەستدا نیە لەپرۆسەی دادگاییکردن دواکەوتبێت بەبێ هۆکاری یاسایی وەسەرژمێری بڕیارەکانی دادگا سەربازییەکان بۆ ساڵەکانی ٢٠٢١ , ٢٠٢٢ باشترین

بەڵگەن کەهیچ پەڕاوێکمان نیە دواکەوتبێت لەپرۆسەی دادگایکردن وەئێمە پێمان وایە هەر دواکەوتنێک لەدادگایکردن بەبێ هۆکاری یاسایی جۆرێکە لەنادادپەروەری وەکاری دادگاکانیش جێبەجێکردنی یاساو بەدیهێنانی دادپەروەریە (تطبيق القانون وتحقيق العدالة)بۆیە ئێمە بەهیچ جۆرێک ڕێگە بەنادادپەروەری نادەین لەپرۆسەی دادگاییکردندا.

سەرجەم پەڕاوەکانی دادگا سەربازییەکان لەبەردەستدان بۆ تێڕوانین هیچ پەڕاوێکمان نیە دادبینی بۆ بکرێت بەبێ ئامادەبونی پارێزەری تۆمەتبار، وەتەنانەت دادگا پابەندی مادەی ١٩ ی دەستوری عێراقە ئەگەر تۆمەتبارێک توانای دارایی نەبوو پارێزەر بگرێت دادگا بەشێوەی انتداب پارێزەی بۆ دادەنێت وەپارەی ماندوبونی پارێزەرایەتی لەخزێنەی حکومەتی هەرێم دابین دەکرێت، وەهەمو ئازادیەک دەدرێت بەپارێزەرانی تۆمەتبار بەرگری لەبریگرتەی خۆیان بکەن وەهەبونی لیستی مانگانەی پارێزەران لەلایەن سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بۆ دادگا سەربازیەکان کەمانگانەڕەوانەدەکرێت پشتڕاستی دەکاتەوە کەمانگانە زیاتر لە ١٠٠ پارێزەر دێنە داگاکانی سەربازی بۆکاری پارێزەرایەتی بەشێوەی اصلي و انتداب لەپەڕاوەکاندا لەکاتی دادگایکردندا.

**هەنگاوەکانی پرۆسەی چاکسازی لە کەرتی سەربازی**

بە مەبەستی یەکخستنی یەکەی ژمێریاری، هەردوو یەکەی ٧٠ و ٨٠ لیژنەی باڵای بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە کۆبوونەوەی سێیەمی خۆی تایبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٢ بڕیاریدا بە دانانی میکانیزمێکی نوێ بۆ ئەوەی میلاک و بوودجەی هەردوو یەکە بخرێتە سەر وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە هاوشێوەی لیوا هاوبەشەکان لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی و بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان وەک پاڵپشتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کە لە کۆی (٢٦) خاڵی پڕۆژەکانیان لەگەڵ هاوپەیمانان (٨) پڕۆژەیان لەگەڵ یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ یەکانگیرن.
پرۆسەی ڕێکخستن و یەکخستنی هێزەکانی دەرەوەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لە پێش ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١ ژمارەی لیوا هاوبەشەکان لە (١٤) بووەتە (١٩) لیوا و میلاکی وەزارەت لە (٤٣،٣٤٧) بووەتە (٥٦،٥٧٥) پێشمەرگە.

بەپێی فەرمانی ژمارە (٥٣٩٤/١٣) لە ٢٠٢٠/٦/٣٠، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دەسەڵاتی تەواوی داوە بە فەرمانگەی (چاودێری دارایی) کە یەکەکانی ژمێریاری لە ژێر ووردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان و (فەرمانگەی چاودێری دارایی) بن.

لە بەرنامەیاندا هەیە (٨) فرقە دروست بکرێت لەگەڵ دوو قیادە لە ژێرچاودێری وەزارەتی پێشمەرگە دابێت بڕیاری لەسەر دراوە کە دوو فرقە دروست بکرێت دوای تەواوکردنی ئەم فرقە دوو فرقەی تر دروست بکرێت ئەویش بۆ هەنگاونانە بە نەمانی هێزەکانی (٧٠ و ٨٠). سەبارەت بە پاسەوانانی دام و

دەزگای حکومی و حیزبی و کەسایەتی و لێپرسراوان نی یە کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بێت. بەپێی فەرمانی ژمارە (٤٢٩٥) لە ٢٠٢٢/٣/٨ بڕیار دراوە بەدامەزراندنی یەکەی پاسەوانی بەرپرسان و سەربازی سەر بەفەرمانگەی کاروباری کارگێڕی بەپێی پەیکەری ڕێکخستن لە وەزارەتی پێشمەرگە.